ئەندازیاران

بەردەوام دەبین لە پێناوی گەیشتن بە ئایندە

ڕێکخستنی بابەتەکان پەیوەستە بە دیزاینی هونەری کۆڤارەوە

ساڵی دوانزەهەم بەهاری ٢٠١٤ ژمارە (٤٨)

بەپێی مۆڵەتی ژمارە ٣٥ لە ٢٦ـ١ـ٢٠١٠ی سەندیکای ڕۆژنامەنوسی کوردستان دەردەچێت

ناوەڕۆک

هەوالْ و چالاکی	لاپەرە ٢
پیشەسازی توتن و جگەرە (بەشی سێیەم)	لاپەرە ٤
ڕێکخراوی فرینی شارستانی نێودەوڵەتی	لاپەرە ٣٠
بەسەرکردنەوە (یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان)	لاپەرە ٣٦
چاوپێکەوتن (تیمور عزیز محمد)	لاپەرە ٤٠
شێوازی بیناکاربیانەی رایەلی کۆنکریتی پێرفۆرمەنس بەرزی دروست کراو لە ئەگریگەیتی کێش سووکی پتەوکراو بە ڕیشالْ	لاپەرە ٤٣
لێدانی کارەبایی(Electric Shock) وئەگەرەکانی خۆپاراستن	لاپەرە ٤٥
ڕیپۆرتاژ(پڕۆژەی دووسایدکردنی ڕێگای دەربەندیخان –کەلار)	لاپەرە ٥١
بۆ زاخاوی میْشک	لاپەرە ٥٣
العزل الحراری فی المبانی	لاپەرە ٥٨
اللحام علم فی مقدمة علوم الهندسة المیکانیکیة الحدیثة	لاپەرە ٦٤
المـنشآت المختلفة فی مشاریع الری و الصرف	لاپەرە ٧١
پلە بەرزکردنەوە	لاپەرە ٧٨
بەناوبانگترین ئەندازیارەکانی جیهان	لاپەرە ٨٠

خاوەنی ئیمتیاز

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

سەرنوسەر

ئەندازیار/ نەوزاد عوسمان
(نەوزادی موهەندیس)

nawzad_mohandis@yahoo.com

ژم: 07710251171

ژم: 07501047235

ناونیشان

سلێمانی / شەقامی سالم
بارەگای یەکێتی
ئەندازیارانی کوردستان
ژمارەی تلفون : ٣٢٠٨٨٠٨

www.keu92.org

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک

ڕێبین حەمە غەریب

rebeeng2002@yahoo.com

www.facebook.com/rebeen79

چاپخانە

نۆفەمبێر پیرەمێرد

هەواڵ و چالاکی

- لەبەرواری ٢٠١٤/٦/٨دا ، یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان وەکو هەموو چین و توێژەکانی شاری سلێمانی بەشداری کرد بەشداری کرد لە هەڵمەتی (ژیانەوە) بۆ چارەسەری توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە بە بڕی (٥) پێنج ملیۆن دینار .

- لەبەرواری ٢٠١٤/٤/٢٢دا لە هۆڵی لقی سلێمانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان سمیناڕێکی زانستی بۆ بەڕێز ئەندازیار ((Micheal Goecke)) پسپۆڕ لە بواری ژینگە و تەکنەلۆژیای ئۆتۆمبێلدا سازدرا بە ناویشانی "Education for sustainable Development Education and Vocational Training" جێگەی باسە کە ژمارەیەک لە ئەندازیاران ئامادەبوون و بە پرسیار و بۆچونەکانیان سیمینارەکەیان دەوڵەمەندتر کرد و بەم شێوەیە ماوەی کاتژمێر و نیوێکی خایاند.

پیرۆزبایی

بەبۆنەی
یادی ٢٢ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانەوە و یادی ١٢ ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری ئەندازیارانەوە و
یادی ٤ ساڵەی دامەزراندنی ماڵپەڕی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانەوە و یادی ٢١٦ ساڵەی ڕۆژنامەوانی کوردیەوە

گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی ئەندازیارانی ئازیز دەکەین و خوازیارین ئەم یادە هاندەرێک بێت بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ((یەکێتی و سەندیکا))ی ئەندازیارانی کوردستان و پێکەوە و لەژێر چەتری یەک ڕێکخراوی ئەندازیاری سەرتاسەریدا بتوانن کارو چالاکیەکانیان دریژە پێبدەن و کوردستان ئاوەدانتر و گەشەکردووتر بکەن و گۆڤار و ماڵپەڕەکەشیان دەوڵەمەندتر بکەن لە ڕووی ناوەڕۆک و سیماوە و بتوانن خزمەتی زیاتر بکەن بە ئەندازیاران و لەگوڵدانی ڕۆژنامەوانی کوردیشدا ببنە گوڵێکی هەمیشە گەشاوە و و ڕۆژنامەوانی کوردیش هەر لە گەشەکردندا بێت و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی زیاتر بچەسپێنێت وەک دەسەڵاتی چوارەم لە هەرێمی کوردستاندا ..

دووبارە پیرۆز بێت .....

گۆڤاری ئەندازیاران

پیشەسازی نووتن و جگەرە

ئەندازیاری شارەزا
نەوزاد عوسمان عبدالرحمن
بەڕێوەبەری کارگەی جگەرەو پوختەکردن و
ترشاندنی تووتن لە سلێمانی
nawzad_mohandis@yahoo.com

بەشی سێیەم

پێشەکیەکی مێژوویی لەسەر کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی

وێنەی(١-٣)کۆنترین وێنەی کارگەی جگەرەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٩دا

وێنەی(٢-٣) نوێترین وێنەی کارگەی جگەرەی سلێمانی لە ٢٠١٣/١٠/٣١دا

وێنەی(٣-٣)

وێنەی(٤-٣) چەند وێنەیەکی نوێی کارگە

وێنەی(٥-٣) جیاوازی وێنەکانی کارگە لە ساڵی ١٩٥٩ و ٢٠١٣دا

١. کارگەی جگەرەی سلێمانی ٦

لەسەر ڕووبەری نزیکەی ٣٠٠٠٠ مەتر دووجا ,بەردی بناغەی پڕۆژەی دامەزراندنی کارگەی جگەرە لە ساڵی ١٩٥٦دا لەلایەن وەزارەتی ئابووری- ئیدارەی ئینحیصاری تووتنی هەڵوەشاوە (اداره انحصار التبغ الملغاه) وە دانراوە , بە بودجەی گشتی ((٥)) پێنج ملیۆن دینار ,بەڵام سەرمایەی خەرجکراو گەیشتە

(١٣٨٥٨٦١) یەک ملیۆن و سێ سەد و هەشتاو پێنج هەزار و هەشت سەد و شەست و یەک دینار , کە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی هەڵساوە بە دروستکردنی کارگەکە و بەشەکانی. دواتر خرایە سەر وەزارەتی پیشەسازی / بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی پڕۆژەکان و لەبەرواری ١٩٦١/٩/١١ یشدا دەستی کردووە بە بەرهەمهێنانی جگەرەی بێ فلتەر بە توانای (٥ر٣) ملیۆن جگەرە لەیەک وەجبە ئیشدا (٨) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا. بەناوی جگەرەی جمهوری (سکایر الجمهورية) ، پاش ماوەیەک ئیشکردن و بەرزبونەوەی شارەزایی وتوانای کادر و تەکنیکیەکان بەرهەمی جگەرە بەرزبۆوە بۆ توانای دیاریکراوی خۆی کە بەرهەمهێنانی (٤) چوار ملیۆن جگەرە بوو لە وەجبەیەک ئیشکردندا.

لەساڵی ١٩٦٩دا دەستکرا بە بەرهەمهێنانی دوو جۆر جگەرەی فلتەردار بەناوی (غازی و صلاح الدين) وە بەڵام بە وزەیەکی دیاریکراو , دواتر لە ساڵی ١٩٧٦دا هەندێ ئامێری تازە دامەزرا لە کارگە بۆ زیاترکردنی بەرهەمهێنانی جگەرە بە فلتەرەوە .

لە ساڵی ١٩٧٥دا کارگەی پوختەکردنی تووتن لە سلێمانی کە پێشتر و لەساڵی ١٩٧٠دا دامەزرابوو لەگەڵ کارگەی جگەرەدا کران بەیەک بەڕێوەبەرایەتی بەناوی (کارگەکانی جگەرە و پوختەکردنی تووتن لە سلێمانی). لەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧دا دەستکرا بە بەرهەمهێنانی جگەرەی فلتەردار لە جۆری (سۆمەر و بەغداد) بەتوانای ١٤ چوارەد ملیۆن جگەرە بەدوو وەجبە ئیشکردن لە ڕۆژێکدا کە ٩ نۆ ملیۆن جگەرەی لە پاکەتی وەرەقیدا بوو , و ٥ پێنج ملیۆن جگەرەی لە پاکەتی کارتۆنیدا بووە. و لە ساڵی ١٩٨٠دا بەرهەمهێنانی جگەرەی (الجمهورية) ڕاگیرا.

وێنەی(٦-٣) کارگەی جگەرەر وپوختەکردنی تووتن

❖لەکارگەی جگەرەدا سێ هێڵی بەرهەمهێنان هەیە کە توانای ساڵانەی ئەم سێ هێڵە (٢٠-٢٢) ملیۆن گرۆس لە جگەرەیە .ئەم هێڵانەش بریتین لە:

١. هێڵی بەشی مامەڵەکردنی تووتن (معاملة التبوغ).

٢. هێڵی سەرەکی دروستکردنی جگەرەکە لە (١٣) کۆمەڵە ئامێری دروستکردنی جگەرە پێکهاتووە.

٣. هێڵی سەرەکی پێچانەوەی جگەرەی فلتەری کاغەزی و کارتۆنی.

❖پەرەپێدانی بەرهەم و هۆکارەکانی وەستانی ئەم هێڵانە: بەهۆی گەمارۆی ئابوریەوە هیچ پێشنیازێک بەدەستەوە نیە بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشبردن و چاککردنی هێڵەکانی بەرهەم و هەروەها نەبوونی مەوادی یەدەگی کارەبایی و میکانیکی ئامێرەکان.

❖توانای وزەی بەرهەمهێنانی جگەرە لە کاتی ئێستادا (ساڵی ٢٠٠٢) دەگاتە (٧) ملیۆن جگەرە لەوەجبەیەک ئیشکردندا (٧) کاتژمێر کارکردن لە ڕۆژێکدا.

❖ژمارەی کارمەندانی هونەری و کارگێڕی و ژمێریاری و ئەوانەی تریش لەگەڵ کرێکاراندا کە لەسەر میلاکی هەمیشەیی

تۆمارکراون لە هەرسێ کارگەدا (جگەرە و پوختەکردن و ترشاندن) لە سلێمانی دەگاتە (١٣٦١) هەزار و سێ سەد و شەست ویەک کارمەند و کرێکار.

٢. ا// کارگەی پوختەکردنی کۆنی تووتن لە سلێمانی ٦

لەسەر ڕووبەری ٢٥٠٠٠ مەتر دووجا دامەزرا .لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ یەکەم جار پوختەکردنی تووتن بەدەستی لە کوردستانی عێراق دەستپێکرد بە ئامێری کەبسی دەستی باڵەی لێدروستەکرا , لەساڵی١٩٦٤-١٩٦٥ بەڕێوەبەرایەتی ئینحیصار دوو ئامێری بولگاری لە ((معرض بغداد الدولی)) دەست کەوت بۆ پوختەکردنی تووتن و لە ساڵی ١٩٦٧دا ٤ چوار ئامێری بولگاری بەبڕی ((٧٠٠٠٠)) دۆلاری ئەمریکی کڕدرا و لە یەکێک لە گەنجینەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئینحیصار دانرا و خرایە پاڵ ئەو دوو ئامێرەی تر و کەوتنە پوختەکردنی تووتن بە بڕی ((٦)) تەن لەوەجبەیەک ئیشکردنی ((٨)) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا. هەر لەسەرەتای دروستکردنی ئەم کارگەیەوە لە ساڵی ١٩٦٥وە دەستکرا بە ناردنی تووتن بۆ وڵاتانی میسر و ئوردون و یابان و بەریتانیاوئەمریکا.

٢. ب // کارگەی پوختەکردنی تازەی تووتن لە سلێمانی ٦

لەسەر ڕووبەری ٢٠٠٠٠مەتر دووجا دامەزرا ,و یەکێکە لە گەورەترین کارگە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا , بەڕێوەبەرایەتی ئینحیصاری تووتن لە ((١٩٦٨/١٢/٢١))دا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر دروستکردنی کارگەیەکی نوێ بۆ پوختەکردنی تووتن لە سلێمانی پاش پەککەوتنی کارگەی پوختەکردنی تووتنی کۆن. ئەم کارگە تازەیە لەلایەن کۆمپانیای (ساسیب) ی ئیتالیەوە دروستکرا و بە بڕی ((٨٦٨٠٠٠)) دیناری عێراقی , و لە ١٩٧٠/٩/١٨دا بۆ یەکەم جار ئیشی پێکرا وەک تاقیکردنەوە و بڕی بەرهەمی تووتنی پوختەکراو لە ساڵێکدا گەیشتە ((٤)) چوار ملیۆن کگم بەیەک وەجبەی ((٨)) کاتژمێری ئیشکردن لە ڕۆژێکدا.

٣. کارگەی ترشاندنی تووتن لە سلێمانی ٦

گەورەترین کارگەیە لەناوچەکەدا ولەساڵی١٩٨٣- ١٩٨٤دا

وێنەی(٧-٣) کارگەی ترشاندنی تووتن لە سلێمانی

دەستکرا بە ئیشکردن لەم کارگەیەدا و لە ساڵی ١٩٨٨ دا تەواو بوو , ئەم کارگەیە لەلایەن کۆمپانیای بولگاری ((بایوانفیست)) و ((خرانوماش)) و ((بولگارتۆبک)) وە دروستکرا بەبڕی تێچووی ١٤ ملیۆن دیناری عێراقی .لەدوای تەواوبوونی هەموو کارێکی ئەندازەیی و بیناسازی و دانانی ئامێرەکانی ئەم کارگەیە کە لە ((١٤)) جامپەر پێکهاتووە بۆ ترشاندنی تووتنی پوختەکراو بڕی ((١١)) یانزە هەزار تەن تووتنی پوختەکراو ئەترشێنێ لە ساڵێکدا.

ژمارەی کارمەندانی هەرسێ کارگەکانی سەرەوە بریتی بوون لە ٢٤٥١ کارمەند.

٤.کارگەی پوختەکردنی تووتن لە هەڵەبجە :

دەستکرا بە جێبەجێکردنی و توانرا ڕۆژانە ٣-٥ تەن تووتن پوختە بکات.

٥.کارگەکانی پوختەکردنی تووتن لە کۆیە:

پاش دامەزراندنی کارگەکە , لە بەرواری ١٩٧٦/١/٢دا دەستی کرد بە بەرهەمهێنان ودەتوانرا ڕۆژانە ٣-٥ تەن تووتن پوختە بکات.

٦. کارگەی جگەرەی هەولێر:

لەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٩-١٩٧٢ دا کارگە دروستکراوە و بەرهەمی دەرکردووە، ڕۆژانە توانیویەتی ٨٠٠-١٠٠٠ کارتۆن جگەرە بەرهەم بهێنێت

٧. کارگەی جگەرەی نەصر لە بەغداد:

کۆی پارەی تێچووی بریتی بووە لە ٦٠ ملیۆن دیناری عێراقی و یەکێک بوە لەهەرە گەورەترینی کارگەکانی ناوچەکە , لەتوانایدا هەبوە کە ڕۆژانە ٤٥٠٠-٥٠٠٠ کارتۆن جگەرە دەربکات , لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧دا دەستی کرد بە بەرهەمهێنان.

٨. کارگەی جگەرەی کراوە:

ڕۆژانە بەرهەمی لە نێوان ١٠٠٠-١٥٠٠ کارتۆن جگەرەدابووە.

❖کۆی بەرهەمهێنانی جگەرە لە کارگەکانی جگەرەی عێراقدا

لە ساڵی ١٩٨٨دا و بەشی ٩١٪ی دانیشتوانی عێراقی دەکرد و بـڕی ٩٪ لـەدەرەوەی وواڵتەوە دەهێنرایـە عێراقەوە , بۆ ئەمەش پێویستی بە بـڕی ٢٠٦١٠٠٠ کارتۆن جگەرە هەبوە , چونکە ١٦٪ دانیشـتوان کە بریتی بوە لە ٢٥٠٠٠٠٠ کەس جگەرەکێش بوون لە عێراقدا.

❖هۆی دابەزینی بەرهەم لە کارگەی ترشاندنی تووتندا

١. کەمی داواکاری لەسەر تووتن بە گشتی.
٢. کەمی بەرهەمهێنانی تووتنی خام.
٣. بونی بڕی زۆر و کەڵەکەبووی تووتن لە گەنجینەکاندا.
٤. پشتبەستنی کارگە بە بەرهەمهێنانی تووتنی پوختەکراو لەکارگەی پوختەکردنی تووتندا

وێنەی(٨-٣) ڕۆژی کردنەوەی کارگەی جگەرەی سلێمانی لەلایەن پارێزگاری ئەوکاتی سلێمانیەوە

وێنەی(٩-٣)ئەم وێنەیە لە بەرواری ١٩٦٠/١١//٢٨دا گیراون

١. باقڕ دوجەیلی : پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی
٢. جەلال حاجی سعید ئاغا : بەڕێوەبەری کارگەی جگەرە
٣. حاجی علی کۆڵەک .
٤. ئەمین بەگ
٥. بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی ئەوکاتە

یەکـەم جار نـاوی ئەم کارگەیە بریتی بـوە لە ((کارگەی دروسـتکردنی جگەرەی سـلێمانی)) کە سـەر بەوەزارەتی ئابوری بوە تا سـاڵی ١٩٦٤. پاشـان بۆتە کارگەیەک سـەر بەوەزارەتی ((صناعة الكيمياوية والغذائية)) و لێرەشـەوە نـاوی کارگەکـە گۆڕدرا و بوو بە ((شـركة عامة لسـكاير السليمانية))،سـەرمایەی کارگەکە لـە ١٩٦٥/٣/٣١دابریتی بووەلە ((٣٧٥٤٣٠)) دینار..

❖ ئـەو کارگانەی کە سـەر بە کارگەی جگەرەی سـلێمانی بوون :

١. کارگەی تووتنی کۆن
٢. کارگەی تووتنی تازە
٣. کارگەی تووتنی هەڵەبجە
٤. کارگەی تووتنی کۆیە

❖ نمەرەکانی تووتن

١. تووتنی مونەقەحی یۆنک A
٢. تووتنی مونەقەحی یۆنک B
٣. تووتنی مونەقەحی یۆنک C
٤. تووتنی نسـارا , کە جۆرێکـی تووتنەکە گەڵاکەی وورد بوو.

❖ نـاوی ئـەو جگەرانـەی کـە تـا ئێسـتا دەرچـوون لەم کارگەیەوە بریتین لە :

وێنەی(١٠-٣) کۆی بەرهەمی جگەرەی کارگەی جگەرەی سلێمانی

١. جگەرەی بەبێ فلتەر

٢. جگەرەی جمهوری کۆنی بێ فلتەر

٣. جگەرەی ١٤ ی تەموزی جمهوری
٤. جگەرەی عەلائەدینی کاغەزی فلتەردار
٥. جگەرەی عەلائەدینی کارتۆنی فلتەردار
٦. جگەرەی بەغدادی کارتۆنی فلتەردار

٧. جگەرەی بەغدادی کاغەزی فلتەردار

٨. جگەرەی غازی فلتەردار

٩. جگەرەی جمهوری فلتەردار
١٠. جگەرەی جمهوریەی بێ فلتەر
١١. جگەرەی سۆمەر

١٢. جگەرەی سان : یەکەم جگەرەی کوردی لەسەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١.دروستکرا لە مانگەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ ی ساڵی ٢٠٠١ و تا مانگەکانی ١ و ٨ و٩ و١٠و١١ ی ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو , ئیدی لەو بەرواره بەدواوە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە جگەرەیەش ڕاگیرا.

❖بەرواری ڕاوەستانی کارگە لە بەرهەمهێنانی جگەرە :
کارگەی جگەرە لە بەرواری مانگی ٢٠٠٤/١/١٢دا بەتەواوەتی

لە بەرهەمهێنانی جگەرە ڕاوەستا , لەلایەک بەهۆی نەمانی مەوادی سەرەکیی بەرهەمهێنان لە تووتن و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی هێنانی جگەرەی بیانیەوە جگەرەی ناوخۆ ئەو گرنگیەی نەما .هەربۆیە لە ئێستادا کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ کارگەی پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی.

❖لیستی گەنجینەکانی کارگەکانی جگەرەو پوختەکردنی تووتن لە سلێمانی

وێنەی(١١-٣) گەنجینەیەکی ناو کارگە

ا/ گەنجینەکانی ناو کارگەی جگەرە

خشتەی ژمارە (١-٣)

ژ	ناوی گەنجینە	ڕووبەر م٢	تێبینی
١	گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ١	١٣٨٠	موخەلەفات
٢	گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٢	١٣٨٠	گەنجینەی تووتنی اجنبی + نثارە و مکسورە
٣	گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٣	١٣٨٠	گەنجینەی تووتنی اجنی
٤	گەنجینەی کۆنکرێتی ستراتیژی ٣ قات	٢٧٠٠	جگەرەی بەڵێندەری تیادایە
٥	گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٥	١٣٨٠	گەنجینەی مەوادی اولی + مەوادی فاو
٦	گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٦	١٣٨٠	ئێستا رێکخراوی (WHO) تێدایە
٧	گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٧	١٣٨٠	مەوادی اولی جگەرە+ تووتنی خام
٨	گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٨	١٣٨٠	مەوادی اولی جگەرەی تیادایە
٩	گەنجینەی کۆنکرێتی ژمارە ٩	٣٤٠	گەنجینەی موخەلەفات
١٠	گەنجینەی کۆنکرێتی ژمارە ١٠	٩٠	گەنجینەی مەوادی یەدەگی
١١	گەنجینەی تووتنی کۆنکرێتی ٣ قات ١١	٥٤٠٠	گەنجینەی تووتنی خام + تووتنی منقح و موخەمەر
١٢	گەنجینەی کۆنکرێتی ژمارە ١٢	٥٠٠	چۆڵە
١٣	گەنجینەی کۆنکرێتی ژمارە ١٣	٢٤٠	بضاعةی جاهزة
١٤	گەنجینەی کۆنکرێتی قاتی دووی کارگە ژمارە ١٤	٥٠٠٠	چۆڵە
١٥	گەنجینەکانی تەخمیر چوار قات	١١٠٤٠	تووتنی منقەح و موخەمەر

وێنەی(١٢-٣)

وێنەی(١٣-٣) گەنجینەکانی ناو کارگە

ب/ گەنجینەکانی دەرەوەی کارگە

خشتەی ژمارە (٢-٣)

ژ	ناوی گەنجینە	ڕووبەر م٢	تێبینی
١	گەنجینەکانی انحصاری کۆن/ ٥ گەنجینە	٥٦٥٠	٣ گەنجینە بۆ ڕێکخراوی undp + ١ گەنجینە بۆ مەکتەبی دارایی
٢	گەنجینەکانی مجمع مخازن لە ناوچەی پیشەسازی	٣٩٠٠	٢٤٠٠ م بۆ یونیسێف + ١٥٠٠م مەخزەنی کۆنکرێتی
٣	گەنجینەکانی مجمع مخازن لەناوچەی پیشەسازی	١٥٠٠	چۆڵە
٤	گەنجینەکانی مجمع مخازن لەناوچەی پیشەسازی	١٥٠٠	کارگەی خوێی یۆدی بازیان
٥	گەنجینەکانی مجمع مخازن لەناوچەی پیشەسازی	٦٠٠	دراوە بەکرێ بە ادمۆن انور
٦	گەنجینەکانی مجمع مخازن لەناوچەی پیشەسازی	١٥٠٠	دراوە بە مانگی سوور
٧	گەنجینەکانی مەڵبەندی وەرگرتنی تووتنی چەمچەمال	١٠٠٠	بەدەست خۆمانەوەیە تەنها ئیدارەکەی یەکێتی ژنانی تیدایە
٨	گەنجینەی کۆنکرێتی ٢ قات/ دوکان	١٢٠٠	دائرەی کارەبای دوکانی تیدایە
٩	گەنجینەی کۆنکرێتی ٢ قات رانیە ٢ گەنجینەیە	٦٤٠٠	بەدەست خۆمانەوەیە تووتنی خامی تێدایە
١٠	گەنجینەی جەمەلۆنی رانیە ٣ گەنجینەیە	٢٠٠٠	ا/دراوە بە ئیبراهیم بامۆکی . ب/ بەیتەرەی رانیەی تیدایە
١١	گەنجینەکانی کۆنکرێتی کۆیە	٥٠٠٠	تووتنی خامی تیدایە
١٢	مەڵبەندی وەرگرتنی تووتنی هەڵەبجەی شەهید		ڕوخاوە
١٣	مەڵبەندی وەرگرتنی تووتنی چوارتا	١٠٠٠	بەدەست ڕێکخراوی MAG یەوەیە / تحویل کراوە
١٤	مەڵبەندی وەرگرتنی تووتنی ماوەت	١٠٠٠	دراوە بە ڕێکخراوی NPA/ تحویل کراوە

تێبینی :

❖ کۆی ڕووبەری هەموو کۆگاکانی ناو کارگە و دەرەوەی کارگە لە قەزا و ناحیەکاندا , بریتیە لە ٦٧١٥٠ مەتر دووجا زەوی , کە ئەم ڕووبەرە لەتوانایدا هەبوو بڕی ١٨ ملیۆن کگم تووتن هەڵبگرێت , بەشێوەیەک کۆگاکانی ناو کارگە ڕووبەریان ٣٤٩٠٠ مەتر دووجا بوە و کۆگاکانی دەرەوەی کارگەش ڕووبەریان ٣٢٢٥٠ مەتر دووجا بووە .

❖ ئەو زانیاریانەی لە هەردوو خشتەکەدان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی ٢٠٠-٢٠٠٥ .

❖ وەرشەکانی کارگە ((سازنگەکان)):

وەرشەکانی ((سازنگەکانی)) کارگە سەر بە بەشی کاروباری تەکنیکی کارگە بوون ، و هەستاون بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە پیشەسازیەکان کە خۆیان دەبینیەوە لە:

١. وەرشەی کارەبا: کە هەڵدەستا بەکاری چاکسازی ماتۆڕەکان ولەفکردنەوەیان لەکاتی پێویستدا وهەروەها چاکسازی مەکینەکان لە ڕووی کارەباییەوە .

٢. وەرشەی میکانیک : هەڵدەستا بە چاکسازیکردنی ئامێر ومەکینەکان و سەرپەرشتیکردنی وەرشەکان بۆ دروستکردنی پارچەی یەدەگی .و ئەم ئامێرانەی تیدایە:

((٥)) تۆرنەی جۆراوجۆر , ((٢)) ئامێری فرێزە، ((١)) ئامێری مقشگە ، ئامێری گراین، ئامێری لەحیم و بڕینەوەی مقەستی کارەبایی و دەستی، کۆسەرەی جۆراوجۆر. و ژمارەی کارمەندا لە ((٧-٢١))کارمەندبوون .ئەو کارانەی کە ئەم وەرشەیە پێی هەڵدەستا ئەمانەن:

ا. دروستکردنی شەفت بەهەموو جۆرەکانیەوە لە گەورەو بچووک.

ب. دروستکردنی هەموو پارچەکانی مەکینەی پرکردنەوەی جگەرەو دروستکردنی جگەرە .

ج. دروستکردنی هەموو جۆرەکانی بودش و فلنجە و پولی.

د. هەموو جۆرە کارێکی لەحیمکردن.

٣. وەرشەی دارتاشی: هەڵدەستا بەدروستکردنی پێداویستیەکانی بەشەکانی کارگە لە ڕووی دارتاشیەوە .و ئەم ئامێرانەی تیادا بووە: ((٢)) ئامێری ئیتالی و ئەڵمانی قەبارە ١٨٠٠ و ٢٠٠٠ .بۆ بڕینەوە و صافکردنی ڕووی تەختە، مشاری کارەبایی بۆ بڕینەوە، درێلی کارەبایی،چەند مەنگەنەیەک .ژمارەی کارمەندان ((٨))کارمەندبوون.

٤. وەرشەی ئۆتۆمبێلەکان: هەڵدەستا بە چاککردنەوەی سەرجەمی ئۆتۆمبێلەکانی کارگە بە سەرپەرشتی ئەندازیاران و تەکنیکیەکان.

٥. چاکسازی میکانیکی

٦. هەواگۆڕکێ وشێکردن

٧. جگەرەی خراپبوو

٨. چاکسازی بیناکان : هەڵدەستا بە سەرپەرشتیکردن و دروستکردنی بینای ناو کارگە و کۆگاکان و چاکسازیکردنی خانووەکانی کرێکاران و فەرمانبەران.

وێنەی(١٤-٣) وەرشەکانی کارگە

❖ پەیکەری رێکخستنی کارگە :

کە هەموو بەش و هۆبەکانی کارگە لە خۆدەگرێت .و ئاشکرایە کە پەیکەری رێکخستنی هەر کارگە و فەرمانگەیەک رۆڵێکی گرنگی هەیە و پێویستە بە ڕوونی وبەئاشکرا هەڵبواسرێت. چونکە پەیکەری رێکخستن هەموو ئەرک و دەسەڵات و لێپرسراوەکان دەستنیشان دەکات. لێرەدا کارگەی جگەرەی سلێمانی لە ١٠ بەشی سەرەکی و ٤٠ هۆبە پێکهاتووە .بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. بەشی یاسا.

٢. بەشی ئامار.

٣. بەشی کارگێڕی: ئەم هۆبانە سەر بەون:

ا.دایەنگا

ب.خۆیەتی

ج.ئاگرکوژێنەوە

د.گواستنەوە

ە.پەیوەندییەکان: ئەم هۆبانەی لەخۆ دەگرت:

١. پرسگە

٢.کاتراگر

٣.یەکەی تەندروستی

٤.هێڵگۆڕکێ

٥.پاسەوان

٦.باخەوان

٧.پاکەرەوە

٤. بەشی تەکنیکی جگەرە:

٥. بەشی ژمێریاری : ئەم هۆبانەی پێوە پەیوەستە:

ا. ژمێریاری دارایی

ب.ژمێریاری تێژوون

ج.ژمێریاری گەنجینەکان

د.ژمێریاری مووچە

٦. بەشی ووردبین

٧.بەشی بازرگانی : ئەم هۆبانەی پێوە پەیوەستە:

ا.کڕین و فرۆشتن

ب. گەنجینەکان: ئەم هۆبانەی پێوە پەیوەستە:

١. گەنجینەی کەرەسەی یەدەگی

٢.گەنجینەی تووتن

٣.گەنجینەی تووتنی خام لە ڕانیە

٤.گەنجینەی نپار ومەکسور

٥.گەنجینەی پوختەکراو

٦.گەنجینەی جۆراوجۆر

٧. مەڵبەندی گەنجینەی ڕانیە

٨.گەنجینەی سووتەمەنی

٨. بەشی کۆنترۆڵ : تاقیگەی پێوە پەیوەستە.

٩. بەشی بەرهەم: ئەم هۆبانەی پێوەپەیوەستە:

ا.خاوکردنەوە

ب.شیکردنەوە

ج.جیاکردنەوە

د.تێکردن

ە.ترشاندن

١٠. بەشی تەکنیکی: ئەم هۆبانەی پێوە پەیوەستە:

ا.وێسگەی بەرهەمهێنانی کارەبا

ب. چاکسازی میکانیک

ج. چاکسازی کارەبایی و وەرشەی لەف

د.چاکسازی ئۆتۆمبێل

ە. ئەندازە و پرۆژەکان



خشتەی ژمارە (٣-٣)

❖ ژمارەی فەرمانبەرانی کارگە :

تا بەرواری ٢٠١٣/١٠/٣١ ژمارەی فەرمانبەرانی کارگە بریتی بووە لە ٢٤١ فەرمانبەر. بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

بڕوانامە	ڕەگەز		کۆی گشتی
	نێر	مێ	
بەکالۆریۆس	١١	٣	١٤
دبلۆم	٩	١٣	٢٢
ئا. پیشەسازی	٣٨	٥	٤٣
ئا.کشتوکاڵ	٥	٠	٥
ئا.بازرگانی	١	١١	١٢
ئا.ئەکادیمی	٣	٤	٧
ئا.تمریج	٠٠٠	٢	٢
ناوەندی	٢	٤	٦
سەرەتایی	٣٩	٣٥	٧٤
بێ بڕوانامە	٢٨	٢٨	٥٦
کۆی گشتی	١٣٦	١٠٥	٢٤١

❖ئەمەش ژمارەی فەرمانبەرانی کارگەیە لەو ساڵانەی کە لە خشتەکەدا هاتووە:

خشتەی ژمارە(٤-٣)

ژ	ساڵ	ژمارەی کارمەندان
١	٢٠٠٠	١٣٨٤
٢	٢٠٠٥	١٢٢٥
٣	٢٠٠٦	١٠٠٦
٤	٢٠٠٧	٩٢٥
٥	٢٠٠٨	٦٧٧
٦	٢٠٠٩	٦٤٨
٧	٢٠١٠	٧٣٢
٨	٢٠١١	٥٦٥
٩	٢٠١٢	٣٩٨
١٠	٢٠١٣	٢٤٠

❖ڕووبەری زەوی کارگە :

بریتیە لە ٢٦،٥ دۆنم . و لەو ڕووبەرەش ٤٣٫٢٥٠ مەتر دووجای بینایە و ماوەکەشی بریتیە لە گۆڕەپان و باخ و ڕێگاوبان.



وێنەی(١٥-٣)

وێنەی(١٩-٣)

وێنەی(١٦-٣) کارگەی جگەرەی سلێمانی لە ٢٠١٣/١٠/٣١دا

وێنەی(٢٠-٣)گۆڕەپانی وەستانی ئۆتۆمبێلی کارگە

وێنەی(١٧-٣)



وێنەی(٢١-٣)گۆڕەپانی سەرەکی کارگە

وێنەی(١٨-٣) دیمەنێکی ڕاڕەوەکانی ناو کارگە

❖ پێداویستیەکانی بەرهەمهێنانی جگەرە :

ئەوکەرەسە خاوانەی کە دەچنە بەرهەمێنانی جگەرەوە بریتین لە:

١. تووتن
٢. کاغەزی فلین
٣. کاغەزی جگەرە
٤. فلتەر
٥. صندوقی گواستنەوە
٦. سلۆفان
٧. ئەلەمنیۆم

٨. تووڵی سیمی سوور
٩. کارتۆن
١٠. کاغەزی بەرگی گرۆس
١١. کاردل
١٢. ئەسیتۆن
١٣. کەتیرە

❖قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی جگەرە :

١.قۆناغی مامەڵەی تووتن:

((تەرکردن ,ووردکردنی ,ئامادەکردنی بۆ دروستکردنی جگەرە))

وێنەی(٢٢-٣) بەشی سایلۆکانی تووتنی جنراو

٢.قۆناغی دروستکردنی جگەرە:

دروستکردنی جگەرە و ئامادەکردنی لە قوڵینەی تایبەتدا بۆئەوەی ئامادە بێت بۆ کردنە ناو پاکەتەوە.

٣.قۆناغی تێکردن و پێچانەوە:

لەم قۆناغەدا: دووجۆر لە تێکردن هەیە: بەشێکی تێکردنی کارتۆنی و بەشێکی تر تێکردنی کاغەزیە.

١. قۆناغی وەرگرتنی بەرهەم (بەرهەمی ئامادە) بۆ بەشی کۆگان.
٢. هەڵگرتنی بەرهەم (بەرهەمی ئامادە)
٣. قۆناغی دروستکردنی جگەرە:

لەم قۆناغەدا ١٣ مەکینە هەیە بۆ دروستکردنی جگەرەی فلتەردار. بەشێوەیەک توانای تەصمیمی بۆ هەر مەکینەیەک بریتیە لە (٢٥٠٠ جگەرە/ خولەک) و توانای وەدیهاتووش بریتیە لە (٢٠٠٠ جگەرە/ خولەک) و وڵاتی دروستکەری ئەو مەکینانەش بریتیە لە وڵاتی ئەڵمانیای رۆژئاوا و ئەو مەکینانە تا بەرواری ڕاوەستانی کارگە لەکار چەند ساڵێکە لەکاردان و کاری سازکاری و نۆژەنکردنەوەیان تیادا دەکرێت لەلایەن کارمەند و کادری شارەزای کارگەوە.

١.٤ / مەکینەی پرکردنی کارتۆنی:

لەم کارگەیدا ٣ مەکینەی تێکردنی پاکەتی کارتۆنی هەیە و ناوەبرێن بە مەکینەی(Molense) کە لە وڵاتی بەریتانیاوە دروستکراوە و توانای تەصمیمی بریتیە لە (١٥٠ پاکەت/خولەک) و توانای وەدیهاتووشی بریتیە لە (١٤٠ پاکەت/ خولەک) و ئەو مەکینانە تا بەرواری ڕاوەستانی کارگە لەکاردابوون و کاری سازکار و خزمەتکردنیان لەلایەن کادرە شارەزاو بە ئەزمونەکانی کارگەوە جێبەجێی دەکرا.

ب/ مەکینەی تێکردنی کاغەزی:

ژمارەی ئەو مەکینانە بریتیە لە ٣ مەکینە بۆ بەرهەمهێنانی جگەرەی کاغەزی و توانای تەکمیمی بریتیە لە (٤٥٠ پاکەت/ خولەک) و بریتین لە مەکینەی شەمەرمۆندی دروستکراوی ئەڵمانیا. لەم بەشەدا دوو مەکینەی دروستکردنی پاکەتی جگەرەی کارتۆنی سۆمەر هەیە کە لە وڵاتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا دروستکراون و تونای تەکمیان بریتیە لە (٢٨٠ پاکەت/خولەک) و کە پێویستی بە کۆمەڵێک مەوادی یەدەگی هەیە.

● ناسینی مەکینەکانی کارگە

ئامێری شێدارکردنی تووتن بە هۆی بۆشاییەوە ((تخلخل)) Highvac tobaco humidifier , دوو یەکە هەیە بۆ شێدارکردنی تووتن بەهۆی بۆشاییەوە ((تخلخل)) – Highvac- توانای هەر ئامێرێک بریتیە لە (٧٠٠ کگم/ کاتژمێر) لەهەموو جۆرە جیاوازەکانی تووتن لەماوەی (٢٠-٣٠) خولەکدا.

بەمەبەستی دروستکردنی خەرمان یان (تەولیفە) (Blending)کە پێکدێت لە تێکەڵەیەک لە تووتنی فێرجینی و تووتنی ڕۆژهەڵاتی یان نیمچە ڕۆژهەڵاتی و تووتنی عێراقی هەریەکە بەڕێژەی دیاریکراوی خۆی لە خەرمانەکە و دادەنرێت لەناو صندوقێکی ئاسنیندا و کۆدەکرێتەوە لە عەرەبانەیەکدا ولەناو جەمبەرەکەدا دادەنرێت تا سوڕەکەی خۆی تەواو دەکات (ماوەکەی) , دوای تەواوبوونی تێرکردنی ئامێرەکە بە هەڵمی تێرکراو و بەرزبونەوەی شێی گەڵای تووتنەکە بۆ ١٢٪ ئالەوکاتەدا ئەو تووتنە شێدارانە دەردەهێنرێت

وێنەی(٢٣-٣) ڕافعەی شەوکی بۆ گواستنەوەی بالەی تووتنەکان لەناو کۆگای تووتنی ترشێنراودا

بەهـۆی بەرزکەرەوەیەکی چنگالّیەوە (رافعة الشـوکیة) بۆ هەلّگرتنـی صندوقە ئاسـنینەکە کە تووتنەکـەی تیادایە و بەتالّکردنەوەی و گواستنەوەی بالەی تووتنە شێدارەکان بۆ سـەر مێزی جیاکردنەوە و دواتر تێرکردنی قایشـی باندەکە کە سـەردەکەوێت بۆ لای ئامێری دامالّەر بۆ بەتالّکردنەوەی شێی تووتنەکە بۆ

(١٨-١٩ ٪) کە گونجاوە بۆ پرۆسەی جنینی تووتنەکە .

وێنەی(٢٤-٣) بەشی کۆنترۆڵ لەسەر پرۆسەی ترشاندنی دەستکردلە کارگەی ترشاندندا

کورتەی باسـەکە ئەوەیە کە سـوودی ئامێری شـێدارکردنی تووتـن بـە بۆشـایی دەبێتە هـۆی وەکیەکی و بەیەکسـان دابەشـبوونی شـێکە بۆ نـاو هەموو بارسـتە و قەوارەیەکی گـەلّای تووتنەکە بەشـێوەیەکی رێکوپێـک لەماوەیەکی زۆر کورتی پێوانەییدا .

❖دوو یەکە هەیە بۆ دامالّین :

توانـای هـەر ئامێرێـک بریتیـە لـە (٧٠٠ ککم/کاتژمێر) کاریگـەری ئامێرەکـە لەسـەر بەرزبونـەوەی شـێی گەلّای تووتنەکـە لـە (١٢٪ بـۆ ١٩٪) .سیسـتەمی شـێدارکردن تیایدا بریتیە لە سیسـتەمی ((جێت)) (spray) (jets nozzle) بەشـێوەیەک کاتێـک گـەلّای تووتنەکە دەچێتە ناویەوە لەسـەرەوە بۆ خوارەوە بۆ نـاو لولەکێک لەکاتێکدا پەنجە لوولپێچە رێزکراوەکان کە بەدرێژایی لوولەکە بوونبان هەیە یان هەندێک جار لوولەکەکە پلێتی تیادادەنرێت لەسەر شێوەی زمانە (blades) بۆ هەلّگێڕانەوە و تێکەلّکردنی گـەلّای تووتنەکـە بۆ دلّنیایی شـێدارکردنی بەشـێوەیەکی رێکوپێک و لەوێدا دوو نۆزڵ ((کون)) هەن کە هەلّدەستن بـە ڕشـاندنی تووتنـە (spray jet nozzle) تایبـەت بـە گیـراوەی (دوانـە ئەپیلین گلایکـۆڵ) بەرێژەی ١٠٪ , بەشـێوەیەک ئەو گیراوەیە لەناو دوو خەزاندا ئامادەکرێت (یەکێکیان یەدەگە) لە ژێر فشاری هەوادا (compressed air) کە دەخرێتە سەر ڕووی گیراوەکە لەناو خەزانەکەدا کە داخـراوە و قوفلّکراوە بەگواسـتنەوەی گیراوەکە بۆ ئامێری گۆڕەری گەرمـی (heat) exchanger بەشـێوەیەک پلـەی گەرمی گیراوەکـە بەرزدەبێتەوە بـۆ (٨٥-٩٠)پلەی سـەدی و دەڕشـێنرێت بەسـەر گەلّای تووتنەکەدا بۆئەوەی لەسەر ڕووی گەلّاکان چینێکی جەلاتینی تەنک دروست ببێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لە شـێداریەکەی بکات کە وەریگرتوە . دوای ئەوە بەهۆی قایشـێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر باندی بزۆکی کانزایی کە ئەویش لەپێگەی خۆیەوە دابەشـیدەکاتە سەر سـایلۆی خەرمانەکان ((تەولیفە)) و تێکەلّکەری گەلّا تووتنە جیاوازەکان بە ڕێژەی دیاریکراو.

❖یەکـەی دروسـتکردنی خەرمان (تەولیفـە) Straight Line Blending Plant

توانـای هەلّگرتنی گەلّای تووتن (خەرمان) بریتیە لە ١٥٠٠ ککگـم گـەلّای تووتـن. و لەناو سـایلۆدا بۆ مـاوەی (٤٨) کاتژمێر دەمێنێتەوە بۆئەوەی تێکەلّ بێت و گەلّای تووتنەکە (خەرمانەکە) وەکویەکیان لێبێت.

١. مەکینەی جنینی تووتن (Tobacco cutter)

دوو جـۆر چەقـۆی تیادایـە KTF.6 و KTF.8 , لەبنکەی ڕێـڕەوی گوازەرەوەکەشـدا دەرچـە هەیـە لەبەرامبـەر جۆگەلەکانی سـەرەوەی مەکینەکـەدا بۆ وەرگرتنی تووتن. هەروەهـا دەرگایەکـی ئۆتۆماتیکـی بزۆکیـش هەیـە کـە دەکرێتەوە و دادەخرێت لەخۆوە بەهۆی کۆمەلّێک باسـک و قۆلّەوە و کەبسکردنی هەوای پەستێنراو بەشێوەیەک بۆ هەر دەرچەیـەک لەو دەرچانەی گوازەرەوەی بزۆک گەلّای تووتن دێت بۆ ئامێری پرکردنەوەی ئۆتۆماتیکی بەشێوەیەک نیوەی پردەبێـت بەگەلّا و کۆنترۆلّی ئاسـتی بەرزی و نزمی گەلّای تووتنەکـە دەکرێـت و رێکدەخرێت و بەهۆی فۆتۆسـێلّەوە دەسـتدەگیرێت بەسـەریداکە بەهەردووکیان کۆنترۆلّی کاری گـوازەرەوە بزۆکەکـە دەکـەن , بەشـێوەیەک کـە ئاسـتی گـەلّای تووتنەکە دەگاتە فۆتۆسـێلّەکە و بـەری ڕوناکیەکە دەگیرێـت ئـەوا لـەو کاتەدا تـەزووی کارەباکـە دەبڕێت لە Gearmotor بـۆ کارپێکردنی بزۆکەکە و لەکاردەکەوێت و بەم شـێوەیەش مەکینەی جنینی گەلّای تووتنەکە بەردەوام دەبێت لەکارکردن.

لەدوای ئەو پرۆسـەیەوە تووتنە جنراوەکە دەگوازرێتەوە بۆ باندە بزۆکەکە کە لەژێر مەکینەکەدایەو دوای لابردنی تۆزی تووتنـە جنراوەکە لە باری شـێداری ڕێژەیـی کەمدا لەلایەن ئامێری پالّاوتەی تـۆزی تایبەت بە مەکینەکە دەگوازرێتەوە بـۆ ئامێری وشـککەرەوەی خـولاوە (Steam heated drier) بۆ کەمکردنەوەی شـێداری ڕێژەیی لە ١٨٪ بۆ ١٣٪ و سـاردکردنەوەی لەدوایدا بەهۆی لولەکی سـاردکەرەوە وە وبێژەگی سوڕاوەوە cooling &sifting rotary clinder

دواتـر بـۆ نـاو سـایلۆکانی تووتنـی جنـراو دەڕوات cut tobacoo siloes . مەبەسـتی سەرەکی لە شێدارکردنی گەڵای تووتن بۆ ١٨٪ پێش جنینی بریتیە لە کەمکردنەوەی خراپبوونی گەڵاکان بەشـێوەیەک ئـەو گەڵایانەی کە کەمتر شـێداربوون خراپ دەبن و بەشـێک لەوانە دەگۆڕێن بۆ تۆز و پارچـەی بچوکبچوک کە ئەمانەش دەبنە هۆی ڕێگریکردن لـە کاری مەکینەی دروسـتکردنی جگەرە لەکاتی پڕۆسـەی دروستکردنی جگەرەدا.

توانای بەرهەمهێنان بۆمەکینەکانی لولەکی وشککردنەوەکانی تووتنـی جنراو بەهۆی هەڵمەوە بریتیە لە ٧٨٥کگم تووتنی جنراو / کاتژمێر.

بەهۆی قایشـێکی باندی بەرزبۆوە بۆ باندێکی کانزایی بزۆک دەگوێزرێتـەوە و لەوێشـەوە بـۆ لولەکێکی سـاردکەرەوە و جیاکردنەوەی تۆزی تووتن و بەم شێوەیە.

ئامێرەکانـی هەڵم و هەوای گەرمی و وشـککەرەوەی تووتنە جنراوەکە پڕۆسـەیەکی وشـککردنەوەی ڕێکوپێکی تیادایە بـۆ تووتنـە جنراوەکـە و هەروەها بـۆ گـەڵا تووتنە هەمە جۆرەکانیش.

❖مەکینەکانی دروستکردنی جگەرە

١. مەکینەی دروستکەری جگەرە لە جۆری Grant-1B ژمارەیان ((٥))دانەیـە و ولاتـی دروسـتکەریان ئەڵمانیـای ڕۆژئاوایـە ,ئەوپـەڕی خێرایـی بەرهەمـی بریتیـە لە ٢٥٠٠ جگـەرە/ خولـەک و توانـای بەرهەمـی دوای گۆڕینـی خێراییەکـەی بریتیـە لـە ٢٢٠٠ جگـەرە/ خولـەک وتوانای

وێنەی(٢٥-٣) مەکینەیەکی دروستکردنی جگەرە بەتوانای ٤٠٠٠ جگەرە/ خولەک بۆ هەر مەکینەیەک

ڕێگـە پێـدراوی بریتیـە لـە ١٨٠٠ جگـەرە/ خولـەک.

٢. مەکینـەی پێکەوەلکاندنـی فلتـەر بەجگـەرەوە Max-VMR

کۆمپانیـای هادنـی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا دروسـتیکردون و ژمارەیان ((٥)) دانەیە. ئەوپەڕی خێرایی بەرهەمی بریتیە لـە ٢٥٠٠ جگـەرە/ خولـەک و توانای بەرهەمی دوای گۆڕینی خێراییەکـەی بریتیە لە ٢٢٠٠ جگـەرە/ خولـەک وتوانای ڕێگە پێدراوی بریتیە لە ١٨٠٠ جگەرە/ خولەک.

وێنەی(٢٦-٣) بەشی تێکردنی کاغەزی بەشی سلۆفان FFK گرۆصەکان KW مەکینەی شمێرمۆندی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا

٣ .مەکینەی پرکردنەوەی سەبەتە پلاستیکیەکان بە جگەرەی فلتەردار

ژمارەیـان ((٥))دانەیە. ئەوپەڕی خێرایی بەرهەمی بریتیە لـە ٢٥٠٠ جگـەرە/ خولەک و توانای بەرهەمی دوای گۆڕینی خێراییەکـەی بریتیە لە ٢٢٠٠ جگـەرە/ خولەک وتوانای ڕێگە پێدراوی بریتیە لە ١٨٠٠ جگەرە/ خولەک.

وێنەی(٢٧-٣) مەکینەیەکی پێچانەوەی جگەرە

٤. مەکینەی دروستکردنی جگەرە Grant-4

وێنەی(٢٨-٣) مەکینەی دروستکردنی جگەرە

خولەک.

٥. مەکینەی پێکەوەلکاندنی فلتەر بە جگەرەوە (Max-15, Max-s)

ژمارەیان ((٨))مەکینەیە. لە وڵاتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و لەلایەن کۆمپانیای هادنیەوە دروستکراون. ئەوپەڕی خێرایی بەرهەمی بریتیە لە ٤٠٠٠ جگەرە/ خولەک و توانای بەرهەمی دوای گۆڕینی خێراییەکەی بریتیە لە ٣٣٠٠ جگەرە/ خولەک وتوانای ڕێگە پێدراوی بریتیە لە ٣٠٠٠ جگەرە/ خولەک.

وێنەی(٢٩-٣) مەکینەی پێکەوەلکاندنی فلتەر

٦.مەکینەی پڕکردنەوەی سەبەتەکان بە جگەرەی فلتەردار

ژمارەیان ((٨))مەکینەیە ومۆدێل و وڵاتی دروستکەری

وێنەی(٣٠-٣) بەشی پرکردنەوەی کاغەزی بەشی ESپرکردنەوەی پاکەتەکانْ بە جگەرەی فلتەردار مەکینەی شمێرمۆندی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا

(compact cascade) ،ئەوپەڕی خێرایی بەرهەمی بریتیە لە ٤٠٠٠ جگەرە/ خولەک و توانای بەرهەمی دوای گۆڕانی خێراییەکەی بریتیە لە ٣٣٠٠ جگەرە/ خولەک وتوانای ڕێگە پێدراوی بریتیە لە ٣٠٠٠ جگەرە/ خولەک.

وێنەی(٣١-٣)بەشی تێکردنەوەی کارتۆنی/ مەکینەی مۆلینسی ئینگلیزی

وێنەی(٣٢-٣) کۆمپرێسەرەکانی کارگە

وێنەی(٣٣-٣) ئامێری هەواکانی کارگە

وێنەی(٣٤-٣) ئامێری کۆکردنەوەی پاشەڕۆکانی کارگە

وێنەی(٣٥-٣) عەرەبانەی کۆکردنەوەی پاشەڕۆکانی کارگە

خشتەی ژمارە (٥-٣)

جۆر و مۆدێل و ژمارە و توانای بەرهەمی مەکینەکان

ژ	جۆری مەکینە یان ئامێر Double track	مۆدێل و ولاتی دروستکەر	دانە	ئەوپەڕی خێرایی بەرهەم	توانای بەرهەمهێنان	خێرایی بەرهەمهێنانی ڕێگە پێدراو
١	مەکینەی پێدەری مەکینەی پرکردنەوەی کاغەزی بەجگەرەی فلتەردار	NF کۆمپانیای شمیرموند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا	٣	٩٠٠٠ ج/خ	٧٢٠٠ ج/خ	٦٠٠٠ ج/خ
٢	مەکینەی پرکەری پاکەتی کاغەزی بە جگەرەی فلتەردار	ES کۆمپانیای شمیرمۆند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا	٣	٤٥٠ ج/خ	٣٦٠ پاکەت/خ	٣٠٠ پاکەت/خ
٣	مەکینەی بەرگێگری پاکەتی کاغەز بە کاغەزی سیلۆفان	FFK کۆمپانیای شمیرمۆند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا	٣	٤٥٠ پاکەت/خ	٣٦٠ پاکەت/خ	٣٠٠ پاکەت/خ
٤	مەکینەی پرکەرەوەی پاکەتی کاغەزی بەرگێگیراو بە کاغەزی سیلۆفان لە گرۆسی کاغەزیدا	KW کۆمپانیای شمیرمۆند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا	٣	٦٠ گرۆس/خ	٤٨ گرۆس/خ	٣٨ گرۆس/خ

مەکینەکانی پرکەرەوەی کارتۆنی – مۆلینس

ژ	جۆری مەکینە یان ئامێر Single track	مۆدێل و ولاتی دروستکەر	دانە	ئەوپەڕی خێرایی بەرهەم	خێرایی بەرهەمهێنان دوای گۆڕینی خێراییەکە	خێرایی بەرهەمهێنانی ڕێگە پێدراو
١	مەکینەی پرکەرەوەی پاکەتی کارتۆنی بە کاغەزی سیلۆفان	مۆدێل H.L.P.2 کۆمپانیای مۆلینسی بەریتانی	٣	١٨٠ پاکەت/خ	١٤٠ پاکەت/خ	١٢٥ پاکەت/خ
٢	مەکینەی بەرگێگری پاکەتی کارتۆنی بە کاغەزی سیلۆفان	مۆدێل WB2 کۆمپانیای مۆلینسی بەریتانی	٣	١٨٠ پاکەت/خ	١٤٠ پاکەت/خ	١٢٥ پاکەت/خ
٣	مەکینەی پرکەرەوەی پاکەتی کارتۆنی بەرگێگیراو بە کاغەزی سیلۆفان لە گرۆسی کارتۆنیدا	مۆدێل WB2 کۆمپانیای مۆلینسی بەریتانی	٣	١٨ پاکەت/خ	١٤ پاکەت/خ	١٣ گرۆس/خ
٤	مەکینەی بەرگێگری گرۆسەکان کە پرن بە پاکەتی کارتۆنی بە کاغەزی سلۆفان	مۆدێل ME6-30 کۆمپانیای مۆلینسی بەریتانی	١	٥٤ گرۆس/خ	٤٢ گرۆس/خ	٣٤ گرۆس/خ

کۆمەڵە مەکینەکانی پرکەرەوەی کارتۆنی شمیرمۆند Schmermund

ژ	جۆری مەکینە یان ئامێر Double track	مۆدێل و ولاتی دروستکەر	دانە	ئەوپەڕی خێرایی بەرهەم	خێرایی بەرهەمهێنان دوای گۆڕینی خێراییەکە	خێرایی بەرهەمهێنانی ڕێگە پێدراو
١	مەکینەی پێدەری مەکینەی پرکەرەوەی کارتۆنی بە جگەرەی فلتەردار	کۆمپانیا NF شمیرموند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا	٢	٥٠٠٠ ج/خ	٤٠٠٠ ج/خ	٣٦٠٠ پاکەت/خ
٢	مەکینەی پرکەرەوەی پاکەتی کارتۆنی بە جگەرەی فلتەردار	کۆمپانیا MF شمیرمۆند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا	٢	٢٥٠ ج/خ	٢٠٠ پاکەت/خ	١٨٠ پاکەت/خ

٣	مەکینەی بەرگێگری پاکەتی کارتۆنی بەکاغەزی سیلۆفان	کۆمپانیا LV شمیرمۆند ئەڵمانیای رۆژئاوا	٢	٢٥٠ ج/خ	٢٠٠ پاکەت/خ	١٨٠ گرۆص/خ
٤	مەکینەی پرکەرەوەی پاکەتی کارتۆنی بەرگێگیراوبە کاغەزی سیلۆفان لە گرۆصەکاندا	کۆمپانیا KW شمیرمۆند ئەڵمانیای رۆژئاوا	٢	٦٠ گرۆص/خ	٤٨ گرۆص/خ	٣٨ گرۆص/خ

• وێسگەی کارەبای کارگە:

ئەم وێسگەیە بریتیە لە ٢ موەلیدەی H.T و توانای هەریەکەیان ٢٥٠٠ دووهەزار و پێنج سەد K.V.A یە ودروستکراوە لە لایەن کۆمپانیای G.E.C ئینگلیزیەوە لەساڵی ١٩٨٢دا. ئەم وێسگەیە لەساڵی ١٩٨٤دا لە ناو کارگەدا دانراوە و لەکاتی پێویستدا کاریان پێکردووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤ بۆ ١٩٩١ لەبەرئەوەی کێشەی بڕانی کارەبای نیشتیمانی نەبوە ئەم موەلیدانە هێندە کاریان نەکردووە. بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٩١وە و بەهۆی نەبونی کارەبای نیشتیمانیەوە ئەم موەلیدانە کاریان کردووە و کارەبایان داوەتە فیدەری ٢ی نیشتیمانی. لەبەرئەوەی تۆماریکی وورد لەسەر کارکردنی ئەم وێسگەیە نەنوسراوەتەوە تا ساڵی ٢٠٠٤ هەربۆیە زانیاری تەواو نیە, بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ وە تاکو ٢٠١٣ تۆماریکی فەرمی ڕاگیراوە لەسەر کارکردن و توانای بەرهەمهێنانی کارەبای ئەم وێسگەیە و توانراوە بڕی M.w.h 2968 کارەبا بەرهەمبهێنرێت و هەندێکی دراوەتە کارەبای نیشتیمانی و ئەویتریشی بۆ ناو کارگە بەکارهاتووە .لەکاتی ئیشپێکردنی بەردەوامی موەلیدەکاندا هەر٥٠ کاتژمێر دەبێت ڕۆنی بگۆڕدرێت و هەریەکەشیان بڕی ٥٠٠ لیتر گازۆیل بەکاردەهێنێت. هەرکاتێکیش زیاتر کاربکات بڕی بەکارهێنانی گازۆیل و ڕۆنگۆڕین و فلتەریش زیاتر بەکاردەهێنرێت. دەتوانین بڵێین بۆ هەر ١ کاتژمێر کارکردن ٣٠٠ لیتر گاز بەکاردەهێنرێت. لە ئێستادا یەکێک لە موەلیدەکان لەکار ڕاوەستاوە بەهۆی بوونی کێشەی تەکنیکیەوە و ئەویتریشیان توانای بەرهەمی بۆ نیوەی توانای خۆی دابەزیوەو بەهۆی بوونی کارەبای نیشتیمانیەوە بەبەردەوامی لە ئێستادا ئەوەندە کاریان پێناکرێت تەنها لەکاتی پێویستدا نەبێت.

وێنەی(٣٧-٣) وێسگەی کارەبای کارگە

وێنەی(٣٦-٣)

• توانای بەرهەمێنانی کارگە :

کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی بەم شێوەیەی لای خوارەوە لە بەرهەمهێنان بەردەوام بوە بەو بڕە گۆڕسانەی کە ساڵانە بەرهەمهاتووە . وەک لە خشتەی لای خوارەوەدا دەرکەوتووە:

خشتەی ژمارە (٥-٣)

ژ	ساڵی بەرهەمهێنان	کۆی بڕی جگەرەی فلتەردارێ سۆمەر / گرۆس	تێبینی
١	١٩٨٥	٢٥٦٨٥٠٠٠	
٢	١٩٨٦	٢٣١٢٧٠٠٠	
٣	١٩٨٧	٢١٠١٦٦٠٠٠	
٤	١٩٨٨	٢٣٣٥٣٠٠٠	
٥	١٩٨٩	٢٢٢٣٧٠٠٠	
٦	١٩٩٠	٢٠٢٨٧٠٠٠	
٧	١٩٩١	٢٨٤٨٠٠٠	
٨	١٩٩٢ لە ٩/١ وە تا ١٢/٣١	٩٣٠٢٠٠	کارگە لە بەرواری ١٩٩١/١٠/٢٠ وە تا ١٩٩٢/٩/١ لەکار ڕاوەستاوە بەهۆی نەبوونی مەوادی سەرەکیەوە
٩	١٩٩٣	١٠٠٣٠٠	تەنها مانگی ١٠

١٠	١٩٩٤	١٢٠٠	تەنها مانگی ٩
١١	١٩٩٥	٤٩٣٢٠٠	مانگەکانی ٣و٤و٥و٨و٩
١٢	١٩٩٦	٤٤٤٩٠٠	مانگەکانی ٧و٨و٩و١٠و١١
١٣	١٩٩٧	٥٤٩٩٠٠	
١٤	١٩٩٨	٦٠٤١٥٠	
١٥	١٩٩٩	١٤٨٥٢٥٠	مانگەکانی ٨و٩و١٠و١١و١٢
١٦	٢٠٠٠	١٧٣٤٤٠٠	
١٧	٢٠٠١	٧٣٢١ ٢٣١٠٥٠ گرۆس = ٤٦٢١ کارتۆن	❖ لەمانگی ١و٢جگەرەی سۆمەر بەرهەمهاتووە. ❖ لەمانگەکانی ١٠و١١و١٢دا جگەرەی سان بۆ یەکەم جار بەرهەمهاتووە.
١٨	٢٠٠٢	٤٩٤٩٠٠	مانگەکانی ١و٨و٩و١٠و١١و١٢
١٩	٢٠٠٣	٣٣٥٠٠ ٦١٠٥٠٠	❖مانگەکانی ١و٨و٩و١٠و١١ جگەرەی سان بەرهەمهاتووە ❖جگەرەی سۆمەر لەلایەن بەڵێندەرەوە بەرهەمهاتووە
٢٠	٢٠٠٤	٥٥٧١٠٠	لەمانگەکانی ١و٢و٣ لەلایەن بەڵێندەرەوە بەرهەمهاتووە

● تاقیگەکانی کارگە:

لەکارگەدا چەند تاقیگەیەک هەبوون کە هەریەکەیان ئەرک و کاری خۆیان هەبووە و بەسرابوونەوە بە بەشی توێژینەوە و کۆنترۆڵی جۆریەوە،کە بەهەموانیان ئەرکیان بریتی بووە لە چاودێری بەرهەم و کۆنترۆڵکردنی ئەو مەوادانەی دەچوونە ناو بەرهەم و بەرهەمی کۆتاییەوە، ئەمەش بەمەبەستی کەمکردنەوەی لە کیسچوون و تێچوون و زیادکردنی بەرهەم لە ڕووی بڕو جۆرەوە . ئەم بەشەش کرابوە چەند هۆبەیەکەوە لەوانە:

١ . هۆبەی لێکۆڵینە وە و گەشەپێدان: کاری بریتی بوو لە باشترکردن و بەرزکردنەوەی مواصەفاتی بەرهەمی کارگەو ئامادەکردنی توێژینەوە بۆ کەمکردنەوەی لەکیسچوون و تێچوونی بەرهەم ،وەهەوڵدانیش بۆ هێنانە ناوەوەی ئامێر و تەکنەلۆژیای نوێ و پێشخستنی بەرهەمی کارگە .

٢ . تاقیگەی بەرهەم: ئەرکی بریتی بووە لەسەرپەرشتیکردنی بەرهەمی کارگە لە هەموو قۆناغەکانداوهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گیروگرفتەکانی بەرهەم ودیاریکردنی لادان و هەڵە و کەموکوڕیەکان کەلەکاتی بەرهەمدا ڕووەدەدن.

٣ . تاقیگەی ناوەندی: کاری بریتی بووە لە :

یەکەم: دانانی مواصەفاتی هونەری بۆ مەوادی خام و یارمەتیدەر و تەواوکەری بەرهەم و تاقیکردنەوەی مەوادی سەرەتایی و یارمەتیدەر و تەواوکەری بەرهەم، و پشکنینی نمونەی مەوادی سەرەتایی بۆ زانینی وەکیەکی لەگەڵ مواصەفاتە پێوانەییەکاندا.

دووەم: پشکنینە تاقیگەییەکان بۆ بۆیلەرەکان و سۆمنتراتەکان و کردنی شیکاری ڕۆژانە بۆ ئاو و چارەسەرکردنی لادانەکان و پشکنینی ڕۆژانە لەسەر باشی تووتنی جنراو کە تاچەند گونجاوە بۆ بەرهەم و پشکنینی ڕۆژانە لەسەر جگەرە و فلتەرەکان لە هێزی کێشان و پێوانی تیرەکەی و کۆنترۆڵکردنی کێشی جگەرە و مواصەفاتە فیزیاویەکان.

سێیەم: شیکارە کیمیاوییەکان کە بریتی بوون لەدیاریکردنی ڕێژەی نیکۆتینی تووتن و ڕێژەی کاربۆهایدرات و ڕێژەی پرۆتین و نایترۆجینی تووتن.

● سیفاتە فیزیاویەکان لەناو ژووری بەرهەمدا بۆ (١) جگەرە:٦

١ . درێژی جگەرە ٨٤ملم
٢ . درێژی فلتەر ٢٠ملم
٣ .درێژی تووتن لەناو جەرەدا ٦٤ملم
٤ .کێشی ستونی تووتن ١گم+_٥ر٠ گم
٥ .کێشی جگەرەیەک ١ر١٧ گم+_٥ر٠گم
٦ .ڕێژەی شێی جگەرەیەک ١٢٪ +_ ٥ر٠گم
٧ .تیرەی شعار ٧ر٩ ملم+_٥ر٠ملم
٨ . هێزی کێشان ٨-١١ سم عمودی ئاو

❖سیفاتە کیمیاویەکان

١ . ڕێژەی نیکۆتین ٩ر- ١ر١ ٪
٢ .ڕێژەی سوکەریات ١٥-١٧٪
٣ . ڕێژەی پرۆتین ونایترۆجین ١٢٢ر-١٣٦ر١٪
٤ . ترشی ph ٥-٥ر٥

❖تێکڕای شێی تووتن لە پوختەکردندا

	تووتنی خام	تووتنی پوختەکراو
تێکڕا	١٠٪	١٨ر٦٪

لە ترشاندنی تووتن پێش جامبەر

	پێش جامبەر	ترشاندن
تێکڕا	١٠ر٩٪	١٨ر١١٪

❖تێکڕای خام لە مەخزەن پوختەکراو لە مەخزەن

١٠٪ ١٨ر٦٪

❖ئەو بڕە پێوانەیانەی کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی ((جگەرەی سانی کارتۆنی)) , لەگەڵ ڕێژەی بەفیڕۆدانی ڕێگەپێدراو بۆ یەک کارتۆن ((٥٠ گرۆس))

خشتەی ژمارە (٥-٣)

ژ	ناوی مادەی سەرەکی	یەکەی پێوانەیی	بڕی پێوانەیی	ڕێژەی بەفیڕۆدانی ڕێگەپێدراو
١	تووتن	ککگم	١٠	٪١٥
٢	کاغەزی جگەرە ((٥٠٠٠ملم))	بەکرە	٠ر١٢٨	١٢
٣	قنگە جگەرە	پەنجە	١٦٦٦ر٦	١٠
٤	کاغەزی فلین(٣٠٠٠ملم)	بەکرە	٠ر٠٤٥	٨
٥	ئەلەمنیۆم(١٢٠٠ملم)	بەکرە	٠ر٠٩٣	٧
٦	کاردل(٨٠٠ملم)	بەکرە	٠ر٠٢٣	٧
٧	کاتۆنی داپۆشێنەر	دانە	٥٠٠	٥
٨	بەرگی گرۆسەکان	دانە	٥٠	٥
٩	سلۆفان ١١٨ملم(١٥٠٠م)	بەکرە	٠ر٠٥٧	٦
١٠	سلۆفان ٣٦٥ ملم(١٥٠٠م)	بەکرە	٠ر٠١	٥
١١	تولّی زەرد (٦٠٠٠م)	بەکرە	٠ر٠١٥	١٠
١٢	صندوقی گواستنەوە	دانە	١	١

❖چێشتخانەی کارگە:

کارگە دوو چێشتخانەی هەرەوەزی تیادابووە کە بە شەراکەت لەنێوان حکومەت ((ئیدارەی کارگە)) و فەرمانبەران و کرێکارانـدا خواردنـی ژەمەکانی کارمەندانـی دابینـدەکرد بۆ سەرجەم کارمەندانی کارگە , کە بریتیی بوون لە:

١. چێشتخانەی کارگەی ترشاندنی تووتن.

٢. چێشتخانەی کارگەی جگەرە و پوختەکردنی تووتن.

بەشـێوەیەکی تەندروسـت و ڕێکخـراو کاری کڕینـی پێداویسـتیەکانی ڕۆژانە و پاکوخاوێنی و پێدان و وەرگرتنی خواردنەکانیان ڕێکخستبوو.

❖سەلامەتی وئاگرکوژێنەوەی کارگە:

بەمەبەسـتی پارێزگاری و پاراسـتنی سـەرجەم بەشەکانی کارگـە لەکاتـی ئاگرکەوتنـەوە و ڕووداوی چاوەڕواننەکراودا وەک ئاگرکەوتنـەوە و شـۆرتی کارەبـاو ...هتد. بەشـێکی سـەلامەتی و ئاگرکوژێنـەوە دامەزرابـوو لەنـاو کارگەدا کە ئامێری ئاوڕشاندن و ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنە وەو کارمەندانی شـارەزای بۆ دابینکرابوون کە هەموویان مەشق و ڕاهێنانی پێویسـتیان فێرکرابوو،تەنانەت ئۆتۆمبێلـی ئاگرکوژێنەوەی کارگە بەشـداریدەکرد لە کوژاندنەوەی ئاگر لەناو شاریشـدا لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوەی شاری سلێمانی وەک هاوکارییەک.

❖بنکەی تەندروستی کارگە:

لەنـاو کارگەدا بنکەیەکی تەندروسـتی چـالاک هەبووە کە ڕۆژانە لەلایەن پزیشـک و کارمەندانی تەندروستی بنکەکەوە هەسـتاون بەکاری فریاکەوتنـی خێرای کارمەنـدان لەکاتی نەخۆشـی ودروسـتبوونی ڕووداو لەکاتـی کارکردنـدا و ڕێکخسـتنی پسـوڵەی مۆڵەتی نەخۆشـی و دابینکردنی داو ودەرمانوسەرپەرشـتیکردنی پاکوخاوێنـی چێشـتخانەکانی کارگـە وسەرپەرشـتیکردنی ئـاوی خواردنـەوە و ناردنـی نمونـە هەر ٦مانـگ جارێک بۆ تاقیگەکانـی فەرمانگەی ئاو و پشـکنینی بەردەوامی کارمەندان بۆ نەخۆشـیەکانی سنگ و پاراسـتنیان لەکاریگەریـە خراپەکانـی تووتن و جگەرە و دابینکردنی هەموو پێداویسـتیەکانی کارمەندان کە تووشـی نەخۆشـیەکانی ددان و چـاو سـنگ و...هتد.دەبـوون و ڕەوانەکردنیان بۆ لیژنەکانی پزیشـکی و دابەشکردنی شیری ڕۆژانە بەسەر کارمەنداندا.

❖سەرچاوەی ئاوی کارگە:

کارگـەی جگـەرە هەر لەسـەرەتاوە دوو سـەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و ئاوی پیشەسازی هەبوە:

١. ئاوی نیشتیمانی

٢. ئـاوی بیـر: لەکارگـەدا چەند بیرە ئاوێـک هەیە کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کارگەوە لێدراون و پێداویستی ئاوی کارگە دابین دەکەن . بەم جۆرە :

ا. بیری ئاوی کارگەی جگەرە : لە نزیک پرسـگەی کارگەوە هەڵکەنـراوە و قوڵیەکـەی ٢٨٠ مەتـرەو پێداویسـتی ئاوی خواردنەوە و ڕۆژانەی کارگە پشـت دەبەسـتێتە سـەر ئەم بیرە. بەڵام بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاو تیایدا چەند جارێک بۆری تری بۆ دابەزێنراوە تابگاتە ئاستی ئاوی ناو بیرەکە.

ب .بیری ئاوی وێسگەی کارەبا: ئەم بیرە لە ئێستادا وشک بووەلەبەرئەوەی ئاستی ئاوەکەی دابەزیوە.

ج. بیـری ئاوی کارگەی ترشـاندن: ئەم بیـرەش قوڵی زیاد لـە ١٠٠ مەتـر دەبێت و ئاوی هەردوو کارگـەی پوختەکردن و ترشـاندنی تووتن و هەموو بەشـەکانی تـری کارگە دابین دەکات.

توانای بەرهەمی ئاویان ١ ئینجە , ئەم بیرانە تەنها لە ساڵی ٢٠٠٦دا وشکیانکردوە . و لەساڵی ٢٠٠٧دا پاککراونەتەوە. ئـاوی ئەم بیرانە سـەرەتا دەچنە حەوزێکـی زەمینیەوە بە

پێوانەی ٦م*٥ر٢م*٥ر٢م کە لەساڵی ١٩٥٦وە دروستکراوە و دواتر هەڵدەدرێت بۆ ٢ حەوزی تر لەسەر بانی کارگەی ترشاندن , کە یەکێکیان بۆ خواردنەوە و ئەویتریان بۆ بەکارهێنانی تری ناوکارگەیە وەک:

ا.ئاوداشتنی باخ و چیمەنەکان

ب.بۆیلەرەکان

ج.ئاوەڕۆکان

د. ئاگرکوژێنەوە

ه.شۆردن و پاککردنەوەی ناو کارگە

❖ ناوی بەڕێوەبەرەکانی کارگە : ٤ و٦

ئەو بەڕێوەبەرانەی کە بە درێژایی مێژووی ئەم کارگەیە کە بریتیە لە ٥٢ ساڵ لە بەرواری ١٩٦١/٩/١١وە ((کە بەرواری دەستپێکی پڕۆسەی بەرهەمهێنانی جگەرەیە)) تا بەرواری ٢٠١٣/٩/١١. بریتین لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە :

١. کۆچکردوو// جەلال حاجی سەعید ئاغا

بەڕێوەبەری گشتی بەوەکالەت چونکە خۆی بەڕێوەبەری گشتی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بوە
هەتا بەڕێوەبەر دانراوە لە ١٩٦١/٩/١١ تا ١٩٦١/١١/١

٢. کۆچکردوو// شێخ محمود تەها بەرزنجی

بەڕێوەبەری گشتی
لە بەرواری ١٩٦١/١١/١ تا ١٩٦٣/٤/٢٠

٣. کۆچکردوو// حەمە سەعید ئەفراسیب ڕۆستەم سوڵتان

بەڕێوەبەری گشتی
لە بەرواری ١٩٦٣/٥/٢٨ تا ١٩٦٦/٦/٣٠

٤. کۆچکردوو // ڕەسول مەجید بەگ

بەڕێوەبەری گشتی
لە بەرواری ١٩٦٦/٧/١ تا ١٩٦٩/٩/١

٥. کۆچکردوو // حامید قادر



بەڕێوەبەری گشتی
لە بەرواری ١٩٦٨/١٠/١٥ تا ١٩٧٠/٣/١١

٦. کۆچکردوو // شەفیق احمد چەلەبی

بەڕێوەبەری گشتی
لە بەرواری ١٩٧٠/٥/١ تا ١٩٧٤/٣/١٠

تێبینی :
کارگەی جگەرەی سلێمانی تا ساڵی ١٩٧٤ سەربەخۆ بوە و بەڕێوەبەری گشتی هەبوە , بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥وە بە ناونیشانی معاون مدیر عام کارگە دەبرا بەڕێوە و بەسرایەوە بە دەزگای گشتی بۆ دوکەڵی نیشتیمانی لە هەولێر. پلەی بەڕێوەبەری گشتی هەبوە

٧. احمد محسن علوان ((احمد الدلیمی))

جێگری بەڕێوەبەری گشتی
لە بەرواری ١٩٧٤/٥/٢٠ تا ١٩٧٨/١/١

٨. جسام محمد جاسم



جێگری بەڕێوەبەری گشتی
لە بەرواری ١٩٧٨/٣/١٨ تا١٩٨٢/٧/١

٩. کۆچکردوو // عزیز محمد عبدالله خۆشناو

جێگری بەڕێوەبەری گشتی
لە بەرواری ١٩٨٢/١/٢ تا ١٩٩٣/٤/٦

تێبینی :
لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وە و هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤وە. سەرجەم کارگە بەرهەمێنەرەکانی کوردستان بەسرانەوە بە وەزارەتی پیشەسازی و وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و بە ناونیشانی بەڕێوەبەری کارگەکانی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن کارگەکە بەڕێوەدەبرا. وئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە ئەو بەڕێوەبەرانەن کە لەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە بونەتە بەڕێوەبەری کارگەکە.

١٠. کیمیاوی و ڕاوێژکار// حەمە امین فرج کۆکۆیی

بەڕێوەبەری کارگە
لە بەرواری ١٩٩٤/٨/٨ تا ٢٠٠٠/١/١٤

١١.سەرۆک ئەندازیارانی میکانیکی پێشکەوتوو//فریدون محمد کریم

بەڕێوەبەری کارگە
لە بەرواری ٢٠٠٠/١/١٥ تا ٢٠٠٤/٨/١

١٢. سەرۆک ئەندازیارانی کیمیاوی پێشکەوتوو // غفور فرج محمد

بەڕێوەبەری کارگە
لە بەرواری ٢٠٠٤/٧/١ تا ٢٠٠٦/٧/١

١٣ .کیمیاوی شارەزا // محمود عبدالرحمن محمود



بەڕێوەبەری کارگە
لە بەرواری ٢٠٠٦/٨/٣ تا ٢٠١٠/٧/١

١٤ .سەرۆک ئەندازیارانی کشتوکاڵی پێشکەوتوو// سیروان شریف حسین



بەڕێوەبەری کارگە
لە بەرواری ١ / ٧ / ٢٠١٠ تا ٢٠١٣/٧/١

١٥ .ئەندازیاری کیمیاوی شارەزا //نوزاد عوسمان عبدالرحمن

بەڕێوەبەری کارگە
لە بەرواری ٢٠١٣/٩/٤ وە تاکو ئێستا

بـوە دوا بەڕێوەبەری کارگە و ئیدی کارگەی جگەرە کۆتایی پێهات و بڕیارە بگۆڕێت بە ناوەندێکی کەلتووری بۆ شـاری سلێمانی وەک پێداویستیەکی ژێرخانی پایتەختی ڕۆشنبیری.

❖ **هۆکارەکانـی پاشەکشـەکردنی پیشەسـازی جگـەرە و بەرهەمهێنانـی تووتـن لـە کوردسـتاندا:** گەلێـک هۆکاری سیاسـی و ئابوری و زانستی بونەتە هۆی پاشەکشەکردن و کەمبونەوە و نەمانی کشتوکاڵکردنی تووتن لە کوردستاندا و بەمەش بەرهەمهێنانی جگەرە و کارگەکانیشی لە کوردستاندا بەرەو نەمان و داخسـتن و هەڵوەشـاندنەوە بونەتەوە . لەو هۆکارانەش :

١ . جەنگـە یەک لەدوا یەکەکانی ڕژێمی عێراقی دژ بە گەلی کورد و کوردسـتان هەر لەسـاڵی ١٩٦١وە تـا ڕووخاندن و دەرپەڕاندنی لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا لە ئەنجامی ڕاپەڕینی گەلی کوردەوە .

٢ . هەڵایسـانی جەنگـی عێـراق- ئێران لە سـاڵی ١٩٨٠دا و بەردەوامبوونی تا ساڵی ١٩٨٨ . کە بوە هۆی وێرانتر بوون و چۆڵبوونی زۆربەی گوند و لادێکانی کوردستان.

٣ . پڕۆسـەکانی لەناوبردنی گەلی کورد لە کیمیاوی باران و ئەنفال و ڕاگواسـتن و سـووتماککردنی خاک و کشـتوکاڵ و ڕەز و باخ و دارستان و لەوەڕگای کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسـی صدامیەوە , بوە هـۆی تەختکـردن و چۆڵکردنی تەواوی گوند و لادێکان کە بنەمای کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی تووتن بوون.

٤ . پشـت بەسـتنی دەوڵەتی عێراقی بە سەرچاوە و داهاتی نـەوت و پشتگوێخسـتنی هـەردوو کەرتـی کشـتوکاڵی و پیشەسازی لە ولاتدا.

٥ . کەمبونـەوە و نەمانـی جووتیـار و کادری شـارەزاو بـە ئەزموون لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازیدا.

٦ . لـەدوای ڕاپەڕینـی بەهـاری سـاڵی ١٩٩١یشـەوە لـە کوردسـتانداو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە . بەهـۆی داڕمانـی ژێرخانی ئابوری کوردسـتان و ئابلۆقەی ئابوری و شەڕی ناوخۆ و ململانێی سیاسیەوە . نەتوانرا وەکو پێویسـت کەرتی کشـتوکاڵی و پیشەسـازی ببوژێنرێنەوە . نەک هـەر ئەوەش بەڵکو ئەوەی کەهەشـبوو لە کارگەکانی جگـەرەو کارگەکانـی تریـش تالانکران و هـەرزان فرۆش و لێکهەڵوەشێنران و داخران و لەکار و بەرهەم ڕاگیران.

٧ . بەهـۆی کرانەوەی بـازاڕ و ئابوری ئازادیشـەوە لەدوای ڕاپەڕینـەوە و لـەدوای ڕووخاندنـی ڕژێمی بەعسیشـەوە بە یەکجاری لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا و کرانەوەی سنورەکان بەڕووی بازاڕ و کاڵاکانی دونیادا و لەبەر هەرزانی تێچوون و نرخیان بەرانبەر بەرهەمە ناوخۆییەکان , نەتوانینی کێبڕکێی ئەو بەرهەمانە , نەتوانراوە کەرتی کشـتوکاڵ و پیشەسازی لـە عێراق و کوردسـتاندا ببوژێنرێنەوە .هێنـدەی تر لاواز و بەرەو پوکانەوە چوون.

٨ . بەهۆی کۆنی ئامێر و مەکینە و کارگەکانی پیشەسـازی جگـەرەوە و گرنگی پێنەدانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە و سوود وەرنەگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم جارێکی تریش نەتوانرا پیشەسازی جگەرە و بەرهەمهێنانی ببوژێنرێتەوە .

٩ . لە بنچینەشـدا پڕۆسـەی چاندن و بەرهەمهێنانی تووتن

بۆخۆی کارێکی قورس و دوور و درێژ و چەندین مانگ دەخایەنێت (٧ مانگ) و پێویستی بە چاودێری بەردەوام و ئاودانی و نەخۆشیەکانی و یارمەتی نەدانی حکومەت بۆ جووتیاران ..هتد. هۆکاری تر بوون بۆ وازهێنانی جووتیاران لە کشتوکاڵکردنی تووتن کە کەرەسەی خاوی سەرەکیە بۆ بەرهەمێنانی جگەرە.

❖ ئایندەی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی بە تایبەتی بەرەو کوێ ؟

بەداخیشەوە لە ئێستادا نەک پلان و بەرنامە نیە بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و لەناویشیاندا کشتوکاڵ و پیشەسازی تووتن و جگەرە لە کوردستاندا , بەگەڕ خستنەوە و نوێکردنەوەی کارگەکانی جگەرە , بەڵکو بەرنامەش هەیە بۆئەوەی کە ئەو پاشماوەیەی کە ماویشە لە مێژوو و جوگرافیای شاری سلێمانی و کوردستان و نەخشەی کشتوکاڵ و پیشەسازی کوردستانیشدا بسڕێتەوە و ببێتە مێژوو و کەلتورێکی لە بیرکراو.وەک ئەوەی بەسەر کارگەی جگەرەی هەولێردا هات , لە نەمانی و شێواندنی و گۆڕینی بۆ جێگەی نیشتەجێکردن و فرۆشتن و هەرزانفرۆشکردنی ئامێر و مەکینە و کەلوپەلەکانی.لە ئێستاشدا بەرنامە هەیە و بەڕەسمی و بە فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە ٢٩١٦ لە ٢٠١٣/٣/٣١ وە مولکیەت و خاوەندارێتی کارگەی جگەرەی سلێمانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیەوە گواستراوەتەوە بۆ سەر مولک و مالی وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان وگەرەکیانە جێگە و پێگەی ئەم کارگەیە کە بەشێکی زیندووی مێژووی شاری سلێمانیە بکرێتە سەنتەرێکی کەلتوری گەورە و مۆدێرنی نیشتیمانی وەک یەکێک لە پێداویستیەکانی ژێرخانی ڕۆشنبیری بۆ شاری سلێمانی کە بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە ((١٤)) لە ٤/ ١٢/ ٢٠١٢دا سلێمانی بوە پایتەختی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

وێنەی(٣٨-٣)

وێنەی(٣٩-٣)

وێنەی(٤٠-٣) کۆبونەوەی بەڕێوەبەری کارگە ((نەوزاد عوسمان)) لەگەل سەرجەم کارمەندانی کارگەدا بۆ ڕوونکردنەوەی چارەنوسی کارگە و فەرمانبەران لە ٢٠١٣/١٠/٢٤دا

بەهیوای ئەوەی کە ئەم بەرنامە و پلانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوبێت . وەک ئەوەی کە نەمانتوانی بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی لە وڵاتدا ببوژێنینەوە بتوانین لە ڕووی کەلەپور و کەلتور و گەشتوگوزارەوە داهات و سەرچاوەی داهاتی نوێ بۆ وڵات وەدەستبخەین و ڕووی گەشی کورد و کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواری بە دونیاو گەلانی دونیا بناسێنین.

❖ ئایندەی کەرتی پیشەسازی بەگشتی لە کوردستاندا بەرەو کوێ لە سایەی ئابوری و بازاڕی ئازاددا؟

ئاشکرایە کەرتی پیشەسازی کەرتێکی گرنگ و کاریگەرە لەسەر ژیان و گوزەرانی هەموو کۆمەڵگایەک.کەرتی پیشەسازی یەکێکە لەو پێوەرانەی کە ئاستی گەشە و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا و هاوڵاتیانی پێ دەپێورێت.جا هەرچەندە ئەو کەرتە گەشەسەندوو و پێشکەوتووز بێت ئەوا کۆمەڵگاش خۆشگوزەران و ئاستی ژیان تیایدا بەرز دەبێت و بە پێچەوانەشەوە.بۆیە گرنگیپێدانی ئەم کەرتە ئەرکێکی لە پێشینە و گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیە.

بەگشتی ولاتی عێراق و بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان بنەمای وڵاتێکی پیشەسازیان تیادایە .بەهۆی بوونی سەرچاوە و مەوادی خامی هەمەجۆری پیشەسازیەکان لەنەوت و کانزا سروشتیە جۆراوجۆرەکان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بونی

عەقڵ و توانا و هێزی کار و زانستی زۆر وزەوەند .کە ئەم دوو هۆکارە بنەمای سەرەکین بۆ دامەزراندن و گەشەدان و پێشکەوتنی بواری پیشەسازی , سەرەڕای بوونی بودجە و پارە و پولی پێویست و بەرنامە و پلانی زانستی و واقعی. وەک ئاشکرایە کوردستان بەگشتلای و شاری سلێمانی بەتایبەتی هەر لە مێژەوە سیمای هەرێم و شارێکی پیشەسازیان پێوەدیاربوە و هەڵگرتووە . ئەوەتا شاری سلێمانی هەر لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٧٨٤وە لەچەندین بواری پیشەسازیدا جێگە دەست و ناوبانگی هەیە کە لەسەر ئاستی تاکەکەس و میلی هەندێ پیشەی تیادا بڵاوبوە وەک : کارگەچی و صابونچی و موتابچی ومزگەری و ئاسنگەری و دارتاشی و خوچێتی وشیرگەری و چەخماخسازی و پێستەخۆشکردن ودەرمانسازی ودروستکردنی خشتی قوڕ و بەردی نەقارِی وعەتارچێتی و دروستکردنی گەزۆی کوردەواری و میوە و شەربەت و دروستکردنی مافور وبەرە و ڕستن وچنینی خوری و گوریس و قەیاسە و کۆپاندرووپی و بەرگدرویی و دروستکردنی گەلێک خواردنی کوردەواری کە شاری سلێمانی بە کەبابە بەلەزەت و بەتامەکەشی زۆر بەناوبانگە و گەلێکی تریش. یەکەم کارگەی ئەهلیش لەساڵی ١٩٢٧-١٩٢٨ لە سلێمانی دامەزراوە بۆ سۆدە و سیفۆن و لیمۆ پێیان دەوت (ناملێت) کارگەکە خاوەنەکەی مستەفا بەگ بووە .لەسەر ئاستی حکومیش ئەوەتا یەکەم کارگەی بەرهەمێنی حکومی و گەورە لەساڵی ١٩٥٧دا کەوتۆتە کارکردن بریتی بوە لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و دوای ئەویش لە ساڵی ١٩٥٦دا بەردی بناغەی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی دانراوە و لە ساڵی ١٩٦١دا کەوتۆتە بەرهەمهێنانی جگەرە . و دواتریش کارگەی ڕستنی خوریە لەشارۆچکەی کفری لەساڵی ١٩٧٨ دا و بەدواشیدا هەرسێ کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە و شەکر و جلوبەرگی ئامادەکراوە لەشاری سلێمانی و کارگەی ئاوی کانزای بانیخێلانە لە شارۆچکەی دەربەندیخان لەساڵانی هەشتاکاندا , کە هەموو ئەم کارگانە کارگەی گەورە و ستراتیژین و ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەبوە لەسەردەمی خۆیاندا لەکوردستان بە گشتی و بە تایبەتیش لەسلێمانی هاوکاربوون لەدەستخستنی پێداوستی ناوخۆ لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە دەستخستنی دروای قورس بۆ وڵات و لەلای سێهەمیشەوە کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە گوند و شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا .هەر لەهەمان بواردا توانراوە کە کارگەی گەچی بازیان لە شارۆچکەی تەکیە و کارگەی خوێی یۆدی بازیان و شۆردنەوەی خوری تەقتەق دابمەزرێنرێت و بەرهەمیان هەبێت .بەم شێوەیە شاری سلێمانی هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە سیما و ڕوویەکی پیشەسازی پێوەدیاربوە و ناوبانگی پەیداکردوە و تاکو ئێستاش سلێمانی زۆرترین کارگەی گەورە و مامناوەندی و بچوکی پیشەسازی تێدایە .لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری پیرۆزی ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان و وەدەرنانی دامودەزگاو ئیدارەی ڕژێمی بەعسی صدامی لە گۆڕنراو وچێکردنی هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردی لە مێژوودا لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و دواتر دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤دا و کە تائێستا ٧ کابینەی حکومەت پێکهێنراوە و کابینەی هەشتەمیش بەڕێوەیە لە ئەنجامی دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە بەرواری ٢٠١٣/٩/٢١دا سازدرا ,هەموانیان گرنگی تەواویان داوە لە سەرەتادا بە وەزارەتی پیشەسازی و وزە و ئێستاش بەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و ئەم وەزارەتە ڕۆڵ وکاریگەری هەبوە لەسەرپەرشتیکردن و بەردەوامبوونی بواری پیشەسازی بەوەی کە لەتوانایدا بوە کە هەرچەندە لە جێگەی خواست و ویستەکانی کۆمەڵگادا نەبوە , کە ئەمەش هۆکاری بابەتی و خۆیی خۆی هەبوە , لەوانەش حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک سیاسەتێکی مەرکەزی هیچ بەرنامە و پلانی نەبوە بۆ بوژاندنەوەی زیاتر و گەشەپێدانی ئەم کەرتە هەستیار و زێدە گرنگە لە دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی گەورە و ستراتیژی لەبوارە جیاوازەکانی پیشەسازید .هەرچەندە هەندێ هەوڵ و هەنگاو هەبوە وەک دامەزراندنی کارگەی جبسۆم بلۆک و بەردی مەرمەڕ و گرانێت لەماوەت و کارگەی دۆشاوی تەماتە و ئاوی میوە لە هەڵەبجەی شەهید . بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەو پرۆژانە نەبونەتە کارگەی پیشەسازی بەرهەمهێن .کە ئاشکرایە هۆکاری زۆر هەن کە ئێرە جێگەی باسکردنیان نیە .بەڵام دیارترین هۆکار لەو هۆکارانە بریتیە لەوەی کە قۆناغ و سەردەمەکە زۆر جیاوازن لە قۆناغی ڕابوردوی سەدەی بیستەم , بەهۆی گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری و فکری و ڕۆشنبیری و زانستی و تەکنەلۆژیایەکانەوە ,کە گەلێک پێشکەوتن و داهێنانی سەرسوڕهێنەر هاتونەتە بوون , هەروەها لە ئەنجامی گۆڕانی نەزمی نوێی جیهان و دیاردەی بەجیهانبوون و کاڵبونەوەی پیرۆزی سەروەری و سنوری وڵاتان لەبەردەم هەڵمەت و باهۆزی دیموکراسی و ئازادیەکان و گەشەسەندن و گەورەبونی ڕۆڵی میدیاو ڕاگەیاندنەکان و وێسگە و کەناڵە ئاسمانیەکان و کرانەوەی بازاڕ و ئابوری و بازرگانیدا کە لەم سەردەمەدا سیاسەت ڕۆڵی پێشەنگی خۆی داوەتە ئابوری و لە ئێستاتادا ئابوری و بەرژەوەندیە ئابوریەکان کەمەرکێشی سیاسەت دەکەن

و لە ئیستادا هێندەی کۆمپانیاو خاوەن سەرمایەکان لە ڕابەرایەتیدان، سیاسەتمەدارەکان بونەتە گرنگن و کورتەباڵا لە ئاڕاستەکردن و ڕەسمکردنی ڕێڕەوی ژیان وگوزەرانی کۆمەڵگاکاندا و هێندەی کۆمپانیا ئابوریە زەبەلاحە فرە نەتەوەییە ئابوریەکان دەسەڵاتیان هەیە نیو هێندە سەرۆکی وڵاتەکان برپاریان لەدەستدا نیە .لە ئێستادا کێبڕکێیەکی زۆر بەهێزی ئابوری و بازاڕ و بازرگانی لەنێوان زلهێزەکانی دونیادا هەیە بۆ زیاتر دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەی مەوادی خام و دۆزینەوەی بازاڕی نوێ و دەستبەسەراگرتنی هێزی کاری هەرزان . هەموو ئەم هۆکارانە پاڵیان ناوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە سیاسەتی کرانەوەی بازاڕ و ئابوری و بازاڕی ئازاد و بەتایبەتکردنی ((خصخصه))ی کارگە و بواری پیشەسازی پەرەو بکات , وەک وەڵامدانەوەیەکی قۆناغەکە و خۆگونجاندیش لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە گەورانەدا بۆئەوەی لە کاروانی سەردەمەکە دوانەکەوێت .هەرچەندە پەرینەوە لە دونیایەکی داخراو وکۆنترۆڵکراو و شمولی سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە بۆ سەردەمێکی تەواوکراوەی وەک ئێستا بۆ کورد زۆر سەختە چونکە بۆخۆی کورد خاوەنی ئیدارە و دەوڵەتی سەربەخۆ نیە و ئەزمونی بەڕێوەبردنی وڵاتیشی نەبوە لەوەوپێش .هەربۆیە لە ئەنجامی ئەم هۆکارانەدا تائێستا لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابووردوودا نەتوانراوە سەرکەوتنی بەرچاو وەدەستبهێنرێت هەرچەند هەندێ هەوڵ لێرەو لەوێ سەریانگرتوە . چونکە هێندەی کوردستان بۆتە بازاڕێکی گەرم و کراوە بۆ کاڵاکانی دەرەوە و دەرودراوسێ نیوهێندە کورد نەیتوانیوە کە کەرتی پیشەسازی بەتایبەتی و بەگشتیش هەموو کەرت و بوارەکانی تری کۆمەڵگا ببوژێنێتەوە و ئەمیش کاریگەری لەسەر دەوروبەرەکەی خۆی هەبێت . بۆیە لە ئێستادا کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواری بۆتە بازاڕێکی فرە بەرهەمی فرەنەتەوەیی و فرەکاڵایی و کراوە بە ڕووی هەموو دەرودراوسێکان و دونیاشدا .

هەربۆیە , بەداخەوە لەلایەک بەهۆی نەبونی بەرنامە و پلانی زانستی و واقعی بۆ گەشەپێدان و بوژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی و لەلایەکی تریشەوە نەتوانینی کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەم و کاڵا دەرەکیەکاندا لە ڕووی بڕ و جۆر وکوالێتیەوە . بونەتە هۆی ئەوەی کە ئەو کارگانەشی کە هەبون و مێژوویەکی پرشانزیان هەبوە بۆ کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی بەرە و نەمان و هەڵوەشاندن و لەکار وەستان و فرۆشتن بونەتەوە و لە سەر جوگرافیای پیشەسازی و سلێمانیش بەتەواوەتی سڕدراونەتەوە .ئەوەتا :

١ . کارگەی شەکری سلێمانی لە ساڵانی هەشتاکانەوە لەکار وەستاوە و لە ئێستاشدا بەرنامە هەیە بۆ فرۆشتنی .

٢ . کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار: لە ئێستادا فرۆشراوە و نەماوە .

٣ . کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو : لە ئێستادا دراوە بەکرێ بەکەرتی تایبەت و ئەویش بەرهەمی جلوبەرگی پێدەرناکات .

٤ . کارگەی جگەرەو پوختەکردن و ترشاندنی تووتن: لە ساڵی ٢٠٠٥وە لەکار و بەرهەم وەستاوە ولە ئێستاشدا بەرنامە هەیە کە بکرێتە سەنتەرێکی کەلتوری سلێمانی و مولکیەتیشی خراوەتە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

٥ . کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە: دراوە بەکەرتی تایبەت و لە کاردایە .

٦ . کارگەی ئاوی کانزای بانیخێلان: دراوەتە کەرتی تایبەت .

٧ . کارگەی گەچی هونەری بازیان: لە بنەڕەتدا خاوەندارێتی بۆ عائیلەی بونیە دەگەڕێتەوە و لە ساڵی ١٩٩١وە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەڕێوەی دەبات و لە ئێستادا بەرهەمی زۆر کەمە و لە قازانجدا نیە .

٨ . کارگەی خوێی یۆدی بازیان: لە ئێستادا دراوە بەکەرتی تایبەت و ئەویش بەرهەمی خوێ دەرناکات .

٩ . کارگەی ڕستنی خوری کفری: لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەدەبرێت و کاردەکات بەڵام لەسەر قازانج نیە .

بەم شێوەیە کەرتی پیشەسازی حکومی زۆڕ بەڕۆژ لە پاشەکشەکردن و بچوکبونەوە و نەماندایە و ئەو کارگانەشی کەماون و لەکاردان بەدڵنیایی چارەنوسیان لە چارەنوسی ئەوانی پێشخۆیان باشتر و ڕوونتر نابێت .چونکە چ سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چ کەش و هەوای سەردەم و قۆناغەکەش لەبەرژەوەندی و بە ئاڕاستەی بوژاندنەوە و گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازیدا نین .

❖ بەڵام لەلایەکی ترەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای دەزگای هاندانی وەبەرهێنان و دەرکردنی یاسایەکی مۆدێرن و سەردەمیانە کە هانی وەبەرهێنی دەرەکی دەدات بۆئەوەی سەرمایەگوزاری بکات لە کوردستاندا لە هەموبوارەکاندا و لەڕێگەی کەرتی تایبەتی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گەشەپێدانی پیشەسازی سەر بەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و دەرکردنی یاسای گەشەپێدانی پیشەسازی و پێدانی قەرزی پیشەسازی بەخاوەن سەرمایەکان بۆ دامەزراندنی کارگەی مام ناوەند و بچوکی پیشەسازی لەهەموو بوارەکانی ئینشائات و خۆراکی و ئامێر و مەکینە و کانزا و ناکانزا و پستن و کاغەزی....هتد. کارئاسان و دەسگیرۆیی زۆری خاوەن سەرمایەکانی کردوە , خۆشبەختانە لەم بوارەدا توانراوە

گەلێک لەو جۆرە کارگانە دابمەزرێت و هەریەکەیان بەپێی توانا و وزەی بەرهەمهێنانیان بەشداریبکەن لە بوژاندنەوە و بەردەوامیپێدانی کەرتی پیشەسازی لەکوردستاندا و لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا.
ئەم خشتانەی لای خوارەوە ژمارە وجۆر و دۆخی کارگە و هەلی کار و سەرمایەی ئەو کارگانە دەردەخات کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە جێبەجێکراون لەهەریەکە لە ٣ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا تا مانگی ٢٠١٣/٨.

خشتەی(٨-٣) کارگەکانی کەرتی تایبەتی شاری هەولێر

ژ	جۆری کارگە	هەولێر		
	تووتن	ژمارەی کارگە	سەرمایەی کارگە	هەلی کار
١	بینا	٨٨٦	١٧٧٠٠٥	١١٤٥٦
٢	ئامێر و مەکینە	١٩٣	٢٠٨٢٢	٢٣٨٩
٣	خۆراکی	٤١٠	٩٤٩٦٢	٥٥٦٧
٤	کارەبایی	٣٢	٨٣٥٠	٦٧٢
٥	ناکانزایی	٦١٦	١١٥٥٥١	٧٣٧٤
٦	کانزایی	٤٣٥	٤٤٧٨٨	٤١٣٩
٧	ڕستن	٥٠	٤٨٧٨	٥٨٤
٨	کاغەزی	٣١	٩٤١٣	٣٣٣
	کۆ	٢٦٥٣	٤٧٥٧٦٩	٣٢٥١٤

تێبینی : لە کۆی ٢٦٥٣ کارگە , ١٨٧٧ کارگە کاردەکەن و ٧٧٦ کارگەش لەکار وەستاون.

خشتەی(٩-٣) کارگەکانی کەرتی تایبەتی شاری سلێمانی

ژ	جۆری کارگە	سلێمانی		
	تووتن	ژمارەی کارگە	سەرمایەی کارگە	هەلی کار
١	بینا	٥٩٤	١٤٣١١٩٤	٣٤١١
٢	ئامێر و مەکینە	١٣١	٨٩٤٠١	٤٦٢
٣	خۆراکی	٣٠٦	٧٧٤٣٩٣	١٧٧٦
٤	کارەبایی	٥	٨٢٠٨	١٠٧
٥	ناکانزایی	٣٠٩	٢٤١٤٢٨	١٩٣٨
٦	کانزایی	١٤٧	٤٩٣١٩٦	٩٢٠
٧	ڕستن	٨	٣٨٥	٧٣
٨	کاغەزی	٩	٢٢٧١٧٢	٦٧
	کۆ	١٥٠٩	٣٢٦٥٣٧٧	٨٧٤٥

تێبینی : لەکۆی ١٥٠٩ کارگە، ٦٠٩ کارگە لەکاردان و ٩٠٠ کارگەش لەکار ڕاوەستاون

خشتەی(١٠-٣) کارگەکانی کەرتی تایبەتی شاری دهۆک

ژ	جۆری کارگە	دهۆک		
	تووتن	ژمارەی کارگە	سەرمایەی کارگە	هەلی کار
١	بینا	٢٥٥	١١٩١٦٨	٤٧٦٠
٢	ئامێر و مەکینە	٩	١٩١٤	٩٩
٣	خۆراکی	١٣٦	٧١٧١٩	٣٩٧٦
٤	کارەبایی	٨	٢٩٣٩	٢٧١
٥	ناکانزایی	١٥٨	٤٨٣٧٧	٢٦١٧
٦	کانزایی	٥١	١٩١٨٧	١٣٤٢
٧	ڕستن	٩	٤٥٣١	٣١٢
٨	کاغەزی	١١	٣٠٣٠	١٧٤
	کۆ	٦٣٧	٢٧٠٨٦٥	١٣٥٥١

تێبینی : لە کۆی ٦٣٧ کارگە، ٣٠٧ کارگە لەکاردان و٣٣٠ کارگەش لەکار ڕاوەستاون.

خشتەی (١١-٣) کۆی ژمارە و جۆری کارگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرسێ پارێزگاکەدا بریتیە لە ٤٧٩٩ کارگەن

ز	شار	بینا	ئامێر و مەکینە	خۆراکی	کارەبایی	ناکانزایی	کانزایی	ڕستن	کاغەزی
١	هەولێر	١١٤٥٦	٢٣٨٩	٥٥٦٧	٦٧٢	٧٣٧٤	٤١٣٩	٥٨٤	٣٣٣
٢	سلێمانی	٣٤١١	٤٦٢	١٧٧٦	١٠٧	١٩٣٨	٩٢٠	٧٣	٦٧
٣	دهۆک	٤٧٦٠	٩٩	٣٩٧٦	٢٧١	٢٦١٧	١٣٤٢	٣١٢	١٧٤
	کۆ	١٩٦٢٧	٢٩٥٠	١١٣١٩	١٠٥٠	١١٩٢٩	٦٤٠١	٩٦٩	٥٧٤

بەم شێوەیە دەبینین کە :
کۆی ژمارەی کارگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمدا ٤٧٩٩ کارگەن
کۆی کارگەکان کە لەکاردان =٢٧٩٣ کارگەن
کۆی کارگەکان کە ڕاوەستاون =٢٠٠٦ کارگەن

خشتەی (١٢-٣) کۆی سەرمایەی کارگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرسێ پارێزگاکەدا بریتیە لە ((٤٠١٢٠١١)) دیناری عێراقی (بە ملیۆن) کارگە

ز	شار	بینا	ئامێر و مەکینە	خۆراکی	کارەبایی	ناکانزایی	کانزایی	ڕستن	کاغەزی
١	هەولێر	١٧٧٠٠٥	٢٠٨٢٢	٩٤٩٦٢	٨٣٥٠	١١٥٥٥١	٤٤٧٨٨	٤٨٧٨	٩٤١٣
٢	سلێمانی	١٤٣١١٩٤	٨٩٤٠١	٧٧٤٣٩٣	٨٢٠٨	٢٤١٤٢٨	٤٩٣١٩٦	٣٨٥	٢٢٧١٧٢
٣	دهۆک	١١٩١٦٨	١٩١٤	٧١٧١٩	٢٩٣٩	٤٨٣٧٧	١٩١٨٧	٤٥٣١	٣٠٣٠
	کۆ	١٧٢٧٣٦٧	١١٢١٣٧	٩٤١٠٧٤	١٩٤٩٧	٤٠٥٣٥٦	٥٥٧١٧١	٩٧٩٤	٢٣٩٦١٥

خشتەی (١٣-٣) کۆی ژمارەی هەلی کاری کارگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرسێ پارێزگاکەدا بریتیە لە ((٥٤٨١٩)) کارگە .

ز	شار	بینا	ئامێر و مەکینە	خۆراکی	کارەبایی	ناکانزایی	کانزایی	ڕستن	کاغەزی
١	هەولێر	٨٨٦	١٩٣	٤١٠	٣٢	٦١٦	٤٣٥	٥٠	٣١
٢	سلێمانی	٥٩٤	١٣١	٣٠٦	٥	٣٠٩	١٤٧	٨	٩
٣	دهۆک	٢٥٥	٩	١٣٦	٨	١٥٨	٥١	٩	١١
	کۆ	١٧٣٥	٢٢٣	٨٥٢	٤٥	١٠٨٣	٦٢٣	٦٧	٥١

تێبینی : هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەو خشتانەی سەرەوەدا هاتوون لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی/ بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانەوە دەستمان کەوتووە بە سوپاسەوە .

ئەوەتا چەندین کارگەی چیمەنتۆ و ئاسنتوانەوە کەوتونەتە بواری جێبەجێکردن و بەرهەمهێنانەوە و چەندین کارگەی مامناوەند و بچکویش لەناوچە پیشەسازیەکاندا دامەزراون. کە بەهەموانیان دەتوانن گروپێنێک بدەنەوە بەلاشەی ساردوسڕ و پوکاوە و سستی کەرتی پیشەسازیدا .کە جێگەی ئومێدیگەورەشن بۆ ئایندە .

بۆیە گەر حکومەت خۆی سیاسەت و پلانی نەبێت بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی , ئەوا پێویستە بەو پەڕی تواناوە هاوکاری و هانی خاوەن سەرمایەکان بدات لەناوخۆ و دەرەوە بۆ بەشداربوون لە گەشەسەندن و هەستانەوەی کەرتی پیشەسازیدا .

❖خاڵێکی زۆر گرنگ کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە گەشەسەندن و بوژانەوەی کەرتی پیشەسازی بەسراوەتەوە بە بوژاندنەوە و ڕێکخستنەوەی کەرتی کشتوکاڵی , و ئەم دوو بوارە لەیەککاتدا تەواوکەر و هاوکار و پشتیوانی یەکترن و هیچ کامیان بێ ئەویتریان ناتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت , چونکە زۆربەی کەرەسە خاو و سەرەتاییەکانی بواری پیشەسازی لە کەرتی کشتوکاڵیەوە بەدەست دێت بەتایبەتی بواری پیشەسازیە خۆراکیەکان .بۆیە پێویستە گرنگیدان بەم دوو کەرتە لەیەک ئاست و گوڕ وتیندا بن. بۆئەوەی کوردستان وکۆمەڵگای کوردەواری لە ئایندەدا لە کۆمەڵگایەکی بێکار و هەژار و دواکەوتوو ونەخۆشەوە بگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵگایەکی وەبەرهێن و بزوێنەر و پڕ دەسکەوت و داهات و خۆشگوزەران و پێشکەوتوو و وەپشت بەستوو بەتوانا مادی و مرۆییەکانی خۆی و لەکاتی تەنگانە و گەمارۆ ئابوریەکاندا پشتببەستێتە سەر تواناکانی خۆی لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و ...هتد .

هەربۆیە سەرەڕای بوونی سەرچاوە و داهاتێکی زۆری نەوت و گازی سروشتی لە عێراق و کوردستاندا , ناکرێت پشت بکرێتە هەر دوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی بە بیانوی دەوڵەمەندی و زۆر و زەوەندی نەوت و کانزا و سامانە سروشتیەکانی ترو نابێت بودجەی وڵات تەنها و تەنها پشت ببەستێتە سەر داهاتی نەوت. بەتایبەتی کە تائێستا کوردستان نەبۆتە وڵاتێکی سەربەخۆ تا خۆی بڕیاری سیاسی و ئابوری لەبواری نەوتدا بدات و نەبۆتە ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپیکدا و تائێستا دونیا وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەرکەزی عێراقیدا مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکەن. هەرچەندە کوردستان چۆتە سەر نەخشەی نەوت و گازی سروشتی دونیا کە ئەمە بۆ خۆی دەسکەوتێکی گرنگە بۆ ناسین و پلەو پایەی کوردستان لە ئایندەدا .

لە پێناو گەشەپێدان و پێشخستنی هەردوو بواری کشتوکاڵ و پیشەسازیدا , پێویستە حکومەتی هەرێم گرنگی زیاتر بداتە پێگەیاندنی کادری شارەزا و پسپۆڕ و تۆژینەوەی زانستی , بۆئەوەی بتوانرێت کە هەلی زیاتر ونوێ بدۆزرێتەوە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی خوێندکاران کە سالانە لەزانکۆ و پەیمانگاکانەوە دەردەچن , بەمەش دەتوانرێت نەوەیەکی خۆبژێن و پشت ئەستوور بەخۆ دروستبکرێت کە سوود لەتوانا زۆر و زەوەندە مادی و مرۆییەکانی کوردستان وەربگرن و بتوانن کۆمەڵگای کوردەواری بکەنە کۆمەڵگایەکی ئابوری خۆبژێن و سەرکەوتوو گەشەکردوو کە ببێتە بنەمایەکی بەهێزیش بۆ دامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لە ئایندەدا .چونکە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی ماکو بنەمای دامەزراندن و دروستبوونی هەموو دەوڵەتێکی سەربەخۆن. بۆیە بەداخەوە گەر هەردوو بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی وەک ئێستا گرنگیان پێنەدرێت ئەوا ئایندەیەکی لێڵ و تاریک و بێئومێد چاوەڕوانی کۆمەڵگا و نەوەکانی داهاتووە. بەڵام دڵنیام خواست و ویست و ئیرادەی نەوەی نوێ بەم جۆرە ڕێگا ناگرێتە بەر و ڕۆژگار و قۆناغێکی نوێ دادێت کە جارێکی تر و وەک سوڕێکی نوێی ژیان هەردوو کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی دەکەوتنەوە گەڕ و کۆمەڵگا ڕوویان تێدەکاتەوە و پشتیان پێدەبەستێت , چونکە ئەو دوو کەرتە وەک ڕێژەیەکی نەگۆڕ و وەک دووکۆڵەکەی بنەڕەتی بوژاندنەوەی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگا هەر بەردەوام و دەمێننەوە . بەو هیوایەی ئەو ڕۆژگار و سەردەمە زۆر درەنگ وەخت دەستپێنەکات و بە زووترین کات لە ئاسۆدا هەڵبێت و ئایندەی کەرتی پیشەسازی ڕوونتر بکاتەوە .

سەرچاوەکان :

١.کتێبی : امراچ شائعه وعلاجها / احمد محمد عوف.
٢. پێگەی ئینتەرنێتی ویکیبیدیا / الموسوعه الحره.
٣. گیروگرفتی تووتن / علی ناجی عەتار/ چاپخانەی کامەرانی / سلێمانی/ ١٩٥٩.
٤.گۆڤاری سلێمانی/ گۆڤاری مێژوو کەلتوور، بیرەوەری و یادەوەرییەکانی شارو دەوروبەری/ خولی سێیەم ، ژمارە ١٤٤/ چاپخانەی دلێر/سلێمانی/ حوزەیرانی ٢٠١٣.
٥. ئەتلەسی هەرێمی کوردستانی عێراق- عێراق و جیهان /د.هاشم یاسین حداد وسردار محمد عبدالرحمن/چاپخانەی الادیب/چاپی یەکەم/٢٠٠٩
٦.ئەرشیف و دۆکۆمێنت و ڕاپۆرتە دێرینەکانی کارگە.
٧.دلیل المعمل/ کراس تعریفی/ اعداد شفیقه علی حسین/ شعبه التدریب/ ایلول ١٩٧٩.
٨. http:// www.who.int/tobaco/publications/surveilance
٩. http:// www.nuqudy .com
١٠.http://wiki.dorar-aliraq.net.
١١. htt://www.legislations.gov.iq
١٢. htt://www.kurdistan-parliament.org

ڕێکخراوی فڕینی شارستانی نێودەوڵەتی

INTERNATIONAL CIVIL AVIATION ORGANIZATION

(ICAO)

ئەندازیار / طاهر عبدالله قادر
بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

بەشی یەکەم

سەرهەڵدان و دروست بوونی ICAO:

کاریگەری پێشکەوتنی ئامرازەکانی گواستنەوە بە تایبەت گواستنەوەی ئاسمانی)بەفڕۆکە (بوو بەهۆی دروست بوونی کێشەیەکی نێودەوڵەتی بە شێوازێک یەک دەوڵەت نەی دەتوانی چارەسەری کێشەکە لە ئەستۆ بگرێت، پێویستی بۆ ئاسایش و سەلامەتی و ڕێکوپێکی لە گواستنەوەی ئاسمانی وای دەخواست کە فڕۆکەخانەکان دروست بکرێت و ئامێرەکانی میلاحی و وێستگەی کەش ناسی دابمەزرێن.

بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی گرفت و کێشە و لێک تێنەگەیشتن هەروەها یەک خستنی ڕێگا و ڕێکارەکان گرنگیەکی بنەڕەتی هەبوو کە پەیوەست بە دانانی (Air Law) یاسای هەوایی بێت بۆ دابینکردنی سەلامەتی فڕۆکەوانی تایبەت بە ڕێکخستنی جموجۆڵی هەوایی و مۆڵەتی فڕۆکەوانی و دیزاینی فڕۆکەخانەکان یان هەر وردەکاریەکی تر کە بێ سنورە لەبواری فڕۆکەوانیدا.

یەکەم هەوڵ کە درا لەو بوارانەدا هەوڵی ١٩ دەوڵەتی ئەوروپی بوو دوای (٧) ساڵ لە بەکارهێنانی یەکەم فڕۆکەی بارهەڵگری قورس، بەڵام ئەم هەوڵە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا بۆ دانانی ڕێگا و ڕێسای بواری فڕۆکەوانی ، هەوڵی دووەم لە ساڵی ١٩١٩ لە کۆنفرانسی فرسای بۆ ئاشتی درا چونکە جەنگی جیهانی یەکەم بۆ بەهۆی زیاد بوون و پێشکەوتنی بەکارهێنانی فڕۆکە بەشێوەیەکی کاریگەر و لەبەر چاو.

لەم کۆبونەوەیەدا ئەو وڵاتانە گەیشتنە ئەنجامی دانانی ڕێکەوتنکی جیهانی بۆ ملاحەی هەوایی (الميثاق الدولي للملاحة الجوية) کە لە بنەڕەتدا گرنگی ئەدا بە وردەکاری هونەری بۆ فڕۆکەوانی شارستانی لە ئەنجامدا ڕێکخراوێک دروست بوو بە ناوی (لیژنەی جیهانی بۆ فڕۆکەوانی ایکان ICAN) ئەم ڕێکەوتنە بەپێی مادەی (٣٤) لە ڕێکەوتنی پاریس کە لە ١٣ی اکتوبری ١٩١٩ مۆرکرا، ئامانجی ئەم ڕێکخراوە هاندان بوو بۆ پێشکەوتن لە بواری فڕۆکەوانی (ملاحة جوي) لە کاتێکدا (ڕێکەوتنی جیهانی بۆ ملاحەی جوی) کەلەوەوپێش دروست ببوو لە خۆیدا سنوردار بوو هەروەها جێبەجێکردنیشی بە هەمان شێوە لەسنورێکی دیاری کراودا بوو.

تا ئەم ساتە وەختەش هیچ رێکەوتنێک نەبوو بۆ رێکخستنی فڕۆکەوانی بازرگانی (الطیران التجاري) بۆیە ئەم بابەتە بو بەهۆی ئەوەی پاڵ بەچەند وڵاتێکەوە بنێت تا رێکەوتنێک لە بواری فڕۆکەوانی بازرگانیدا مۆر بکەن لە شاری هاڤان لە ٢٨ شباط ١٩٢٨ ز لە سایەی ئەم رێکەوتنامەیە لیژنەی ئەمریکی هەمیشەیی بۆ فڕۆکەوانی دروست بوو بەپێی کۆبونەوەی (لیما) سالّی ١٩٣٧ ز.

لە سالّی ١٩٣٠ز تا سالّی ١٩٣٩ ز فڕۆکەکان تەنها گواستنەوەیان ناوچەیی بوو زیاتر لەوەی گواستنەوەی نێودەوڵەتی بێت و جەنگی جیهانی دووەم کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لە پێشکەوتنی تەکنیکی فڕۆکەکان ، سالّی ١٩٣٩ ز کە جەنگ دەستیپێکرد گواستنەوەی (رێوا) گەشتیار و شمەک بە گواستنەوەی ئاسمانی باو نەبوو یان لە سنورێکی تەسکدا بوو و تەنها لە چەند ناوچەیەکی جیهاندا نەبێت کە ئامرازی گواستنەوەی نوێ تێدا بەکاردەهێنرا.

هەڵگیرسانی جەنگ لە ماوەی شەش سالّدا بوو بە هۆی پێشکەوتنێکی لەبەر چاو بۆ فڕۆکەوانی کە لە کاتی ئاسایدا نەدەتوانرا ئەو پێشکەوتنە بەدی بهێرێت کە لە کەمتر لە چارەکە قەرنێ بوو . وڵاتانی بەشداربوو لە جەنگدا تۆڕێکی فراوانیان دروستکرد بۆ گواستنەوەی نەفەر و شمەک، چونکە سروشتی جەنگ هیچ نرخێکی بۆ

لایەنی ئابوری ئەم جۆرە گواستنەوەیە دانە ئەنا هەروەها ئاستەنگی سیاسی نەبووە گرفت لەو بوارەدا لەگەڵ ئەوشدا سەرجەم ئەو ئاستەنگ و کێشانە لەگەڵ کێشە تەکنیکیەکان چارەسەری خێرایی پێویست بوو تابتوانرێت ئەو پێشکەوتنە بەدەست بهێنرێت کە لەکاتی جەنگدا ڕووید بە جۆرێک کە جیهان سوودی لێ وەربگرێت و پاڵپشت بێت بۆ ئاشتی. هەروەها کێشەی مافی بازرگانی ورێکەوتن بەشێوەیەک بێت تا فڕۆکەی ئەو وڵاتانە بتوانێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر خەڵکان و شمەک بگوێزێتەوە یان ڕاگوزەر بکەن بە ئاسمانی وڵاتەکەدا.

چەند کێشەیەکی تر هەبوو وەکو چۆن چارەسەری لایەنی یاسایی و ئابوری کرا لە ئەنجامی تێپەڕبوونی فڕۆکەکان بەسەر وڵاتەکاندا لەکاتی ئاسایی بەهەمان شێوە چۆنیەتی پارێزگاری لە ئاسنکاریە فڕۆکەوانیەکان بکرێت (التسهیلات الملاحیة) کە لە کاتی جەنگدا دامەزران و زۆربەیان لە شوێنە دورە دەستەکان دانرابوون و چەندین کێشەی تریش.

بەو هۆیانەی سەرەوە حکومەتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەرەتای سالّی ١٩٤٤ ز هەستا بە گفتوگۆیەکی سەرەتایی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی بۆ گەیشتن بەرێکەوتن نامەیەک کەتیایدا بتوانرێت پێویستیەکانی فڕۆکەوانی دابین بکرێت.

کۆنگرەی شیکاغۆ سالّی ١٩٤٤ ز

لە سالّی ١٩٤٤ و لەسەر بنەمای ئەو گفتوگۆیانەکە حکومەتی ئەمریکا بە ئەنجامی گەیاند لەگەڵ هاوپەیمانان سەرۆکی ئەمریکا بانگهێشتی وڵاتانی پەرۆش بۆ ئاشتی کرد کە بەشداری بکەن لە دروست کردنی رێکخراوێک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئامانجەکانی پێش خستنی بنەما و لایەنە هونەریەکانی پەیوەست بە فڕۆکەوانی نێودەوڵەتی یەوە بێت و پاڵپشت بێت بۆ نەخشە و پێش خستنی گواستنەوەی ئاسمانی نێودەوڵەتی و بانگهێشتەکەی بۆ ٥٥ وڵات نارد لە وڵاتانی هاوپەیمان و بێلایەن بۆ کۆبوونەوە لەشاری شیکاغۆ و لە سەرەتای کانونی یەکەمی ١٩٤٤ ز و پێش کۆتایی هێنان بەجەنگ بە ٦ مانگ وە لەو وڵاتانە ٥٢ وڵاتیان بەشدار بوو کە لە ماوەی ٥ هەفتەدا نوێنەرەکانیان گفتوگۆیان لەسەر کێشەکانی فڕینی شارستانی نێودەوڵەتی کرد.

یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەگەڵ وڵاتەدژەکان ئامادەی کۆبونەوەکە نەبوون، ئەنجامی کۆبونەوەکان زۆر هاندەرێکی باش بوو هەروەها سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا لەلایەنی تەکنیکەوە بەڵام نەتوانرا بەو شێوەیە جێبەجێ بکرێت کە نەخشەی بۆکێشرا بوو لەبەر دروست بوونی کێشە و گرفت و دابەش بوونی بەسەر دوو ئاڕاستەدا.

ئاڕاستەی یەکەم: ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکرد لەگەڵ کۆمەڵێک لە دەوڵەتەکانی ئەمریکای لاتینی کە پەیوەندی تۆکمەیان هەبوو لەگەڵ ئەمریکا و چەند وڵاتێکی ڕۆژئاوای ئەوروپا وەک سوید و هۆڵندا ، ئەم گروپە بانگەوازی سیاسەتێکی ئازادانەی دەکرد کە سەرجەم وڵاتەکان جێبەجێی بکەن لەبواری گواستنەوەی ئاسمانی

نێودەوڵەتـی و ناویـان نـا Free For Approach ، مەبەستی ئەم سیاستە ئەوەبو کە لەسەر بنەمای کێبڕکێی ئازاد بەرجەستەبکرێت و جەختیان لەسـەر ئەوە کردەوە ئەم سیاسـەتە دەبێتە هۆی پێش کەوتنی گواسـتنەوەی ئاسـمانی نێودەوڵەتـی و گەشەسـەندنی بـە دەرکەوتنی ئەنجـام و سـوودی ئەم سیاسـەتە تا وڵاتـە بەهێزەکان بەهۆیـەوە بتوانـن خزمەتی خۆیان بکەن و یارمەتی پێش خستنی وڵاتانی تری خاوەن توانای سنوردار بکەن.

ئاڕاستەی دووەم: ئـەم ئاڕاستەیە کۆمەڵـەی دەوڵەتی کۆمـۆن ویلپ بانگەوازیان بۆ کرد لەپێشـەوەیان بریگانیا کە بە دژ وەستانەوە لەگەڵ ئاڕاستەی یەکەم و بانگەوازی سیاسـەتێکی تریـان دەکرد کـە ناویان نا ڕێکخسـتن لە ئاسـماندا ORDER IN THE AIR کـە تیایـدا چەند بناغەیەک بۆ ڕێک خستنی هێڵە ئاسمانیە نێودەوڵەتیەکان دابنرێـت و دیاری کردنی ژمـارەی ئەو جارانەی کە تیایدا هێڵەکان بەکاربهێنرێن هەروەها دیاری کردنی ئەو کێش و شمەکانەی کە هەن بۆ جموجۆڵی ئاسمانی نێودەوڵەتی.

دروست بوونی ئەو دوو ئاڕاستەیە دەگەرایەوە بۆ دژایەتی کردنـی بەرژەوەنـدی یەکانی یەکتر بە تایبـەت لە نێوان ئەمریـکا وبریطانیادا لەبواری گواسـتنەوەی ئاسـمانی و بنەمـای ئـەو دژایەتیـەش دەگەڕایەوە بۆ جیـاوازی ئەو ڕێکارانـەی کە لە نێوان دەوڵەتانـی هاوپەیمان دانرابوون لە کاتی جەنگدا.

بریطانیـا فرۆکـە جەنگەیەکانـی وا دروسـت کردبوو کە تەنها بۆ مەودای کورت بتوانێت چالاکی یەکان بە ئەنجام بگەیەنێت کە دوای جەنگ نەیان ئەتوانی بۆکاری بازرگانی شارسـتانی بەکاربهێنرێـن وەک گواسـتنەوەی نەفـەر و پۆستە و شمەک.

وڵاتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریکا کاروانێک لـە فرۆکەی بۆ مابۆ وە دوای جەنگی جیهانی دووەم دەیویست بە کاریان بهێنـێ بە ئازادی بۆ گواسـتنەوەی ئاسـمانی لە هەموو جیهاندا بەڵام بریگانیا بە پێداگری لەسـەر ئاراسـتەکەی خـۆی دەیویسـت خـۆی بپارێزێت لـەو سیاسـەتەی کە ئەمریکا هەوڵی بۆ جێبەجێکردنی ئەدا.

ئـەو جیاوازی و دژایەتی یە لە نێوان هەردوو کۆمەڵەکەدا خەریـک بـوو ببێتە هۆی سـەرنەکەوتنی کۆنفرانسـەکە، ئەگـەر کەنەدا نەبوایە کە هەسـتا بـە نێوان گیریەک و بوە هۆی ڕێکەوتنێک لە نێوان هەردوو ئاڕاستەکەدا.

ڕێکەوتننامەی شیکاغۆ:

لـە ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنەی کە باسـکرا سـەرکەوتنێکی گەورە ڕوویدا لەڕووی تەکنیکیەوە و لە ڕۆژی ٧ نۆڤەمبەری ١٩٤٤ لەشاری شـیکاغۆی ئەمریکا ڕێکەوتنی (فرۆکەوانی شارسـتانی نێودەوڵەتی) مۆرکرا بـە زمانەکانی (انگلیزی ، فەرەنسـی ، اسـپانی) و ڕێکەوتنەکـە لـە ڕۆژی ٤ نیسـانی ١٩٤٧ کەوتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە دوای پەسـەندکردنی نیـوەی ژمارەی وڵاتەکانی بەشـداربوو لە کونفرانسـەکەدا ، ڕێکخراوەکـە یەکیکە لە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان.

جێبەجێکردنـی ئەو ڕێکەوتنە کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسـەر ڕێکەوتنـە نێودەوڵەتیەکانی تر کـە لە وە وپێش بەسـترابوون بۆ ئەو مەبەستە کە گرنگترینیان ڕێکەوتنی پاریس و هاڤانا بوو مادەی ٨٠ لەو ڕێکەوتنە بەم شێوەیە هاتبوو:

هەر وڵاتێکی بەشـدار لـەو ڕێکەوتنە بەڵێن بدات لە کاتی دەسـتکردن بەجێبەجێکردنـی بەندەکانـی ڕێکەوتنەکە پێویستە ئەو وڵاتەی پابەندە بە (دوو ڕێکەوتنی پاریس لە ١٣ اکتوبـری ١٩١٩ و ڕێکەوتنی هاڤانا ٢٠ شـباط ١٩٢٨ ز) پابەندبوونیان هەڵبوەشـێننەوە و ڕێکەوتنی شـیکاغۆ جێگایـان بگرێتـەوە و پەیـڕەوی بەندەکانـی بکـەن لـە ئەنجامی جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتنە دروسـت کردنی (ڕێکخراوی فرینی شارستانی نێودەوڵەتی) هاتە کایەوەو ئەم دامەزراوانە هەڵوەشانەوە :

١. لیژنـەی نێـو دەوڵەتی بۆ فرۆکەوانی ICANکە بە پێ ی مادەی ٣٤ ی ڕێکەوتنی پاریس ساڵی ١٩١٩ ز دروست بوبوو .

٢. لیژنەی شارەزایانی یاسای فرۆکەوانی نێو دەوڵەتی کە لە ڕێکەوتنی پاریس دروست بوو بوو بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاساکانی پەیوەست بە یاسای فرۆکەوانی نێودەوڵەتی .

٣. لیژنەی ئەمریکی هەمیشەیی بۆ فرۆکەوانی کە دروست ببـوو لـە کۆبوونـەوەی لیمـا سـاڵی ١٩٣٧ز لـە جیاتی ڕێکەوتنی هاڤانا ساڵی ١٩٢٨ز بەسترا .

٤. ڕێکخراوەکانی فڕۆکەوانی نێو دەوڵەتی پیکاو PICAO کە لە کۆنفراسی شیکاغۆ سالّی ١٩٤٤ز دروست ببوو بەکاتی هەستێت بە کاروبارەکانی ڕێکخراوی فڕینی شارستانی نێو دەوڵەتی ICAO تا دروست بوون و پێکهێنانی (ڕێکخراوی فڕینی شارستانی نێو دەوڵەتی International Civil Aviation Organization ICAO)) لە ٧ نیسانی ١٩٤٤ .

بنەما بنەڕەتیەکانی ڕێکەوتنی شیکاغۆی ١٩٤٤ز ئەم خالّانە لەخۆ دەگرێت :

١. سەروەری (Sovrginity):

بە پێ ی مادەی یەک هەموو وولّاتێکی بەشدار لە واژۆکردنی ڕێکەوتن نامەکە خاوەن سەروەری ڕەهایە لەسەر بۆشایی ئاسمانی (Region Space) سەر ناوچەکەی .

٢. فڕۆکەی شارستانی و فڕۆکەی دەوڵەت :

ئەحکامی ئەم ڕێکەوتنامەیە تەنها لەسەر فڕۆکە شارستانیەکان جێ بە جێ ئەکرێت بێ فڕۆکەکانی دەوڵەت STATE AIRCRAFT و فڕۆکەی دەوڵەت فڕۆکانەیە کە بۆ مەبەستی سەربازی بەکاردەهێنرێت و فڕۆکەی گمرگ و پۆلیسیش دەگرێتەوە (مادەی ٣)

٣. بەکارهێنانی زۆرە ملێ ی فڕۆکەی شارستانی .

سەرجەم دەوڵەتەکان کە واژوویان کردووە ڕازین لەسەر بەکارنەهێنانی فڕۆکەوانی شارستانی بۆ ئەو مەبەستانەی کە ناگونجێت لەگەڵ ڕێکەوتنامەکە کە لە مادەی (٤)دا هاتووە :

ا- ئامانج بۆ پێشکەوتنی فڕۆکەوانی شارستانی (تطور الطيران المدني)

ب- هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی دۆستایەتی و لێک تێگەیشتنی لە نێوان میلەتان و گەلانی دنیا .

ج- بەرگرتن لەهەر جیاوازیەک کە ڕووبدات لە نێوان گەلانی دنیا لەگەڵ زیاد کردنی هاوکاری و یارمەتی کە ئاشتی جیهانی لەسەر بەندە .

د- نەهێشتنی هەر هەڵسەکەوتێک یان مامەڵەیەک کە دژی ئاسایشی گشتی بێت.

٤. جەنگ و حالّەتی کتوپڕی (الطوارئ) Emergency:

بە پێی مادەی (٨٩) ڕێکەوتنەکە سەربەستی هیچ وولّاتێک سنوردار ناکرێت بۆ کارکردن ئەگەر ئەو ولّاتە لە حالّەتی جەنگدا بێت یان بێلایەن بێت هەروەها بەندەکانی ئەم ڕێکەوتنە بەسەر هەموو دەوڵەتێکدا پەیڕەو دەکرێت کە لە حالّەتی کتوپڕیدا بێت، و پێویستە هەر دەوڵەتێک لە حالّەتی جەنگدا یان لە کێشەدا بێت یان لە ناو خۆدا لە حالّەتی کتوپڕیا بێت لیژنەی ئەنجومەنی ICAO (ڕێکخراوی فڕینی شارستانی نێودەوڵەتی) ئاگادار بکاتەوە لەو کاتەدا ئەو وولّاتە دەتوانێت پابەند نەبێت بەو مادانەوە .

٥. پوچەڵ کردنەوەی ئەو بابەتانەی کە ناگونجێت لەگەڵ ڕێکەوتنامەکەدا :

وولّاتەکانی بەشداربوو ڕێکەوتن لەسەر پوچەڵکردنەوەی سەرجەم التزامات و پەیوەندیەکانی نێوانیان کە لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەکە ناگونجێت (مادەی ٨٢) وەکو هەردوو ڕێکەوتنامەی پاریس و هاڤانا ، یەکەم تایبەتە بە ڕێکخستنی فڕۆکەوانی ئاسمانی و دووەمیش تایبەتە بە فڕۆکەوانی بازرگانی (مادەی ٨٠) .

٦. دیاریکردنی ڕێگاو فڕۆکەخانەکان :

*هەر وولّاتێک لە بەشداربوان بە پێ ی ئەحکامی ئەم ڕێکەوتنامەیە بۆی هەیە ڕێڕەوە ئاسمانیەکانی سەر هەرێمەکەی دیاری بکات هەروەها جۆری فڕۆکەخانەکانیش کە بەکار دەهێنرین (مادەی ٦٨).

٧. نیشتنەوە لە فڕۆکەخانەیەکی گومرگی یان نێودەوڵەتی : هەر فڕۆکەیەک کە دەچێتە سنووری ئاسمانی وولّاتێکی بەشداربوو لە ڕێکەوتنامەکە پێویستە لە فڕۆکەخانەیەکی دیاری کراوی ئەو دەوڵەتەدا بنیشێتەوە بۆ مەبەستی پشکنین یان هەر مەبەستێکی تر و کە یاسای ئەو وولّاتە بخوازێت ، وە پێویستە هەر وولّاتێک لەو وولّاتانە تەواوی داتاو زانیاریەکانی فڕۆکەخانەکانی لە دۆکۆمێنتی AIP دا بلّاوبکاتەوەو ئەو داتایانەش بگاتە ڕێکخراوی ICAO لەوێشەوە پەخش بکرێت بەسەر هەموو وولّاتەکانی تری بەشداردا (مادەی١٠) بە واتا ڕێگە ئەدرێت ئەو فڕۆکانەی دەچنە ئاسمانی وولّاتێکی بەشدار بوو لە فڕۆکەخانەیەکی گمرگی یان نێودەوڵەتی بنیشێتەوە و ناکرێت لە فڕۆکەخانەیەکی نێو خۆیی بنیشێتەوە تەنها لە حالّەتە پێویستیەکاندا نەبێت وەک کتوپڕی یان کێشەی هونەری لەگەڵ وەرگرتنی هەموو هەنگاوێکی پێش وەخت پێویست بۆ ئەو نیشتنەوەیە ئەمەش بۆ پارێزگاری کردنی سەلامەتیە .

٨. پشکنینی فڕۆکەکان :

دەسەلّاتی تایبەتی هەر وولّاتێکی بەشداربوو لە ڕێکەوتن نامەکەدا دەتوانێت هەستێت بە پشکنینی ئەو فڕۆکانەی کە لە وولّاتانی بەشداربوی تردەوە دێت و دەنیشتنەوە تیایدا بێ ئەوەی ببێتە هۆی دواکەوتنی فڕۆکەکە هەروەها بۆی هەیە سەرجەم دۆکۆمێنت و بەڵگەکانیش بپشکنێت

، ئەو بەڵگەو دۆکۆمێنتانەش بە پێ ی مادەی (١٦) ئاماژەی پێکراوە ئەمانەی لای خوارەوەن :

ا- بڕوانامەی تۆماری فڕۆکەکە Air Craft Certificate .

ب- بڕوانامەی تۆکمەیی فڕۆکەکە (الصلاحیة للطیران) Air Worthiness Certificate .

ج- مۆڵەتی تاقمی فڕۆکەکە Crew License.

د- تۆماری گەشتەکانی فڕۆکەکە Flight Recorder .

ه- مۆڵەتی ئامێرەکانی بێ تەلی فڕۆکەکە (ئەگەر بوونیان هەبوو) Avionic Certificate .

و- لیستی ناوی کەسەکان کە سەفەر دەکەن و شوێنی ڕۆشتنیان لەگەڵ ئەو شوێنەی کە بۆی دەچن ئەگەر فڕۆکەکە (ڕێوای) هەڵگرتبوو واتەPassenger Manifest .

ز- لیستی ئەو شمەک و ووردەکاریانەی پەیوەست بە شمەک و کالاکان ئەگەر فڕۆکەکە کالای هەڵگرتبوو Cargo Manifest

٩. ئەو کۆتانەی (restrictions)کە لەسەر کالاکان دانراون بە پێ ی مادەی (٣٢)ی ڕێکەوتنامەکە :

ا- نابێت تەقەمەنی یان کەرەستەی جەنگی بەفڕۆکە بگوێزرێتەوە بۆ ناو وڵاتەکە یان گوزەر بکات بەسەر ئاسمانی وڵاتەکەدا بێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێش وەختی ئەو وڵاتە .

ب- هەموو وڵاتێکی بەشداربوو مافی هەیە بە هۆکاری ئاسایشی گشتی یان سەربازی گوێزانەوەی شمەک کە پێچەوانەی بەندی (ا)ە ڕێکبخات یان قەدەغە بکات .

١٠. هەموو وڵاتێکی بەشداربوو بۆی هەیە ڕێنمایی دەربکات بە بەکارهێنانی کامێرای جێگیرکراو لەسەر فڕۆکەکان یان قەدەغەی بکات کە لەسەر ئاسمانی وڵاتەکەی ئەفڕێت مادەی (٣٦) .

١١. بەپێی مەتنی مادەی (٩) لە ڕێکەوتن نامەکە:

ا- هەموو وڵاتێکی بەشداربوو لەو ڕێکەوتنە نامەیە مافی هەیە بەتاک لایەنە فڕینی فڕۆکەکانی وڵاتەکانی تر بەسەر ئاسمانی وڵاتەکەیدا قەدەغەبکات یان سنووردار بکات بەهۆکاری پێویستیەکانی سەربازی یان ئاسایشی گشتی وڵات بەمەرجێ هیچ جیاوازیەک نەکرێت لەنێوان ئەو فڕۆکانەی وڵاتەکەی خۆی کە کاردەکات لە هێڵە ئاسمانیەکاندا و فڕۆکەی وڵاتانی بەشداربووی تر کە لە هەمان هێڵدا کاردەکەن بۆ گواستنەوە، پێویستە ناوچە قەدەغەکراوەکان و مەوداکانیان شیاوبێت لەبەردەم فڕۆکەوانیدا و پێویستە لەم کاتەدا ئاگاداری وڵاتانی تری بەشداربوو بکرێت و ڕێکخراوی فڕینی شارستانی نێودەوڵەتیش ICAO ئاگاداربکرێتەوە بەو ناوچانەی کە فڕینی فڕۆکەکانی لەسەر قەدەغەکراوە یان هەرگۆڕانکاریەک کە بەدی دێت.

ب- هەموو وڵاتێکی بەشداربوو پاریزگاری مافەکانی خۆی دەکات بۆ قەدەغەکردن یان سنوردارکردنی کتوپڕی فڕۆکەوانی لەسەر بەشێک یان هەموو هەرێمەکەی بەهۆی بارودۆخی نالەبار و کتوپڕیەوە یان لەکاتی ڕووداني قەیرانێک یان بەهۆکاری ئاسایشی گشتی بەمەرجێک ئەم حاڵەتە بێ جیاوازی بەسەر هەموو فڕۆکەکاندا بسەپێنرێت.

ج- بۆ هەر وڵاتێکی بەشداربوو مافی هەیە بەپێی ئەو مەرجانەی کە دای دەنێت لەهەر بارودۆخێکی نالەباردا ڕێگە بدات بە نیشتنەوەی ئەو فڕۆکانەی لە خاڵی (ا ، ب) ئاماژەیان پێدراوە بەنیشتنەوەیەکی خێرا لە یەکێک لە فڕۆکەخانەکانی. ئەم خاڵانەی سەرەوە بناغەی ڕێکەوتن نامەی شیکاغۆن کە چوارچێوەی ڕێکەوتنی دووقۆڵی نێوان وڵاتانە بۆ ڕێکخستنی ڕێکەوتن نامەی دوولایەنە بۆ ڕێکخستنی فڕۆکەوانی لەنێوان هەردوو لادا.

ڕێکەوتنی تێپەڕبوونی هێڵە ئاسمانیە نێودەوڵەتیەکان IASTA (اتفاق العبور) INTERNATIONAL AIR SBRVICES TRANSIT AGREEMENT

ئەم ڕێکەوتن نامەیە بڕیار درا لە ڕۆژی ٧ دیسمبر ١٩٤٤ ز بڕیاری لەسەر درا و لە ڕۆژی ٣٠ شباط سالّی ١٩٤٥

ز دەست کرا بەجێبەجێکردنی و بەڕێکەوتنی دوولایەنە (اتفاق الحريتين) ناو دەبرێت سەربەستی یەکەم (ڕێگادان بە تێپەڕبوون) (حرية العبور)و سەربەستی دووەم (ڕێگادان بە نیشتنەوە) (حرية الهبوط) بە مەبەستی بازرگانی STOP FOR NON TRAFFIC PURPOSES ڕێکەوتن نامە کە لای هەموو ولاتانی بەشداربوو پەسەندکرا.

ڕێکەوتنی گواستنەوەی ئاسمانی نێودەوڵەتی (ڕێکەوتنی پێنج سەربەستیەکە) (اتفاقيه الحريات الخمسة) IATA INTERNATIONAL AIR TRASPORT AGREEMENT

واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتن نامەیە لە ڕۆژی ٧ دیسمبری ساڵی ١٩٤٤ ز دەستپێکردوە و لە ٨ شوباتی ساڵی ١٩٤٥ ز چوە بواری جێبەجێکردنەوە بەپێی ئەم ڕێکەتن نامەیە ئالۆگۆڕی پێنج سەربەستیەکە ڕێکەخرێت بۆ بواری گواستنەوەی ئاسمانی بەو دوو سەربەستیەوە کە باس کرا لەسەرەوە ئەم ڕێکەوتن نامەیە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و تەنها نۆزدە وڵات چوونە ناو ڕێکەوتن نامەکەوە وە تا ئێستاش حەوت لەو وڵاتانە لێی دەرچوون تەنانەت وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە خۆی بانگەوازی بۆ ڕێکەوتن نامەکە دەکرد لە ٢٥ تموزی ١٩٤٦ ز خۆی لێ کێشایەوە.

ڕێکخراوی فرینی شارستانی نێودەوڵەتی کاتی PICAO نوێنەرانی وولاتانی بەشدار بوو لە کۆنفراسی شیکاغۆ ساڵی ١٩٤٢ز بڕیاریاندا بەدروست کردنی ڕێکخراوێکی کاتی (بیکاو) کە تەنها دەسەڵاتی ڕاوێژکاریان پێداو ڕێگایان پێدا کاربکات وەک ڕێکخراوێکی کاتی تا کاتی دروست کردنی ڕێکخراوی فرینی نێودەوڵەتی هەمیشەیی لە ماوەی نێوان ٧ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤ز تا ٤ی نیسانی ساڵی ١٩٤٧ز تا ئەو کاتەی بە فەرمی ایکاو (ICAO) ڕاگەیەنرا ، لەو ماوەیەدا ڕێکخراوە کاتیەکە هەستا بە چەسپاندنی بناغەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ جێ بە جێ کردنی پێداویستیەکانی فڕۆکەوانی و ئەندامانی ڕێکخراوەکەش بەکاری خۆیان هەستان بە پێشکەش کردنی ڕاسپاردەو دیباجەی مەتنەکانی پەیوەست بە دانانی ڕێگای تۆکمەو ڕێسا و ئامرازەکانی تایبەت بۆ دابین کردنی سەلامەتی و ڕێکخستنی گواستنەوەی ئاسمانی ،هەموو وولاتەکان ناچار کران کە پابەندبن بەو ڕاسپاردانەوە ، بە شێوەیەکی کاتی تا دانانی ڕێساو ڕێنماییە نێو دەوڵەتیەکان و ڕێکارەکان لەلایەن ڕێکخراوی هەمیشەیی بە پێ ی پێوستیەکانی ئەحکامی ڕێکەوتنامەی فرینی شارستانی نێودەوڵەتی بە هاریکاری وولاتە ئەندامەکان و سکرتاریەتی ڕێکخراوەکە ڕێکار و نمونەو مۆدێلی سەرجەم خزمەت گوزاریەکانی پێویست بۆ سەلامەتی فڕۆکەوانی شارستانی دانرا وەک : خزمەت گوزاری کەشناسی ، ڕێک خستنی جموجۆڵی هەوایی (ATM) ، پەیوەندیە بێ تەلەکان (Aeronautic Communications)،وێستگوکانی مەودا (Coverage Stations) ، ڕێساکانی گەڕان و قوتارکردن (Save &Rescue instructions) و چەندین خزمەت گوزاری تری پێویست.

ڕێکخراوە کاتیەکە گۆی زەوی کرد بە (١٠) سێکتەرەوە بە شێوەیەک هەر سێکتەرەو ڕێک خستنی کۆنفراسێک لە ئەستۆ بگرێت یەکێک لەو سێکتەرانە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو کۆنفرانسی ساڵی ١٩٤٦ لە شاری قاهیرە بەستراو لەسەر چەند ڕاسپاردەیەکی کۆنفراسەکە ڕەزامەندی دراو نێردرا بۆ مەڵبەندی سەرەکی ڕێکخراوی فرینی شارستانی بۆ بڕیاردان ، گرنگترینی ئەو ڕاسپاردانە دەمەزراندنی سەنتەرێک بوو بۆ چاودێری ئاسایش و دەمەزراندنی لقێک لە ڕێکخراوی فرینی شارستانی و سەنتەرێک بۆ وەرگرتنی داتاو بڵاو کردنەوەی زانیاری و ڕێکلامەکان لە شاری قاهرە .

هەروەها دانانی قاهرە وەک سەنتەرێک بۆ ڕزگارکردنی فڕۆکەکان لە ناوچەکانی برقە ، مصر ، ڕۆژهەلاتی ئەردەن، ترکیا ، حجاز هەروەها قاهیرە هەستێت بە پێدانی ناوچەکە بە نەخشەکانی بارودۆخی کەشناسی .

بەو جۆرەی سەرەوە ڕێکخراوی فرینی شارستانی نێودەوڵەتی بەربەبەر هەنگاوەکانی دەنا بەرەو پێشەوە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ کە چەندین سەنتەرو مەڵبەندی لێکۆڵینەوەو دۆکۆمێنتی ڕێکار و پاشکۆی گرنگ بڵاو کردۆتەوە بە بەردەوامی پێشکەوتنەکان و گۆڕانکاریە خێراکانی بواری فرینی شارستانی لە خۆ دەگرێت .

هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە سیستەمی فرینی جیهانی لەم بارودۆخەی ئێستاو پێویستە هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە بۆ بەهێز کردنی پەیوەندیەکان لە بواری فڕۆکەوانی و گواستنەوەی ئاسمانی کەلە خزمەتی بەهێز کردنی پێگەی هەرێمی کوردستان بێت لەسەر ئاستی جیهان کە بێ گواستنەوەی ئاسمانی هێزی هەرێمی کوردستان لەنگ دەبێت لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان .

سەرچاوە:

دۆکیۆمێنتەکانی ڕێکخراوی فرینی شارستانی نێودەوڵەتی

بەسەرکردنەوە
یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

ئەندازیار
ڕەنج عبدالحمید محمد
سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی (کارو چالاکیەکانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان) و ئاشنا بوون بە کار و چالاکی و کێشە و گرفتەکانتان و چۆنێتی جێبەجێکردنی ئیش و کارەکان بەپێویستمان زانی کە ئەم چەند پرسیارە ئاڕاستەی بەڕێز ئەندازیار (ڕەنج عبدالحمید محمد) سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بکەین و بەڕێزیشیان بەم شێوەیەی لای خوارەوە وەڵامیان داینەوە ...

ئەندازیاران / تکایە مێژوویەکی کورتی دامەزراندنی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانمان بۆ باس بکەن ..

وەڵام/ یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لەبەرواری ١٩٩٢/٤/٢٧ وەک یەکەم ڕێکخراوی سەندیکایی و پیشەیی ئەندازیاران لە کوردستانی ئازادکراودا, دوای ڕاپەڕینی بەهاری پیرۆزی ساڵی ١٩٩١ی دژ بە دەسەلاتی دیکتاتۆری و تاکرەوی ڕژێمی بەعسی صدامی, لەلایەن کۆمەڵێک ئەندازیاری شارەزا و دڵسۆز وبە پەرۆش و کارامەوە توانیان دەستەیەکی ئامادەکاری ئەندازیاران دابمەزرێنن بەمەبەستی بەستنی کۆنگرەیەکی سەرتاسەری بۆ ئەندازیاران ساز بدەن لە هەوڵێری پایتەخت کە تیایدا نوێنەری ئەندازیاران لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانەوە تیایدا بەشداربوون هەر لە زاخۆوە تا خانەقین. دواتر دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤دا بەرەسمی و بە پێی یاسای ژمارە ١٨ ی ساڵی ١٩٩٣ی تایبەت بە کۆمەڵە و یەکێتی و ڕێکخراوەکانەوە مۆڵەتی کارکردنی پێدرا.

جێگەی شانازییە کە یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە دامەزراوە و بەمەش بۆتە پێشەنگ و ڕابەری سەرجەم ڕێکخراو و کۆمەڵە ویەکێتیە پیشەیی و دیموکراتیەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

ئیدی لەوکاتەوە بەردەوامە لە پێشکەشکردنی کاروچالاکی و لە ئێستادا تەمەنی گەیشتۆتە ٢٢ ساڵ و هەر بەو بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی لە خۆمان و سەرجەم ئەندازیارانی کوردستان دەکەین و هیوای تەمەن درێژی و کار و چالاکی و

دەسکەوتی زیاتر بۆ یەکێتیە کەمان دەخوازین.لەماوەی ئەم ٢٢ ساڵەدا بەداخەوە لەبەر گەلێک هۆکار و لەوانەش ناجێگیری بارودۆخی سیاسی کوردستانی ئەوکاتە نەتوانراوە کە کۆنگرە ئاساییەکانی خۆی لەکاتی خۆیدا سازبدات.بەڵام خۆشبەختانە توانیویەتی ٢ کۆنگرە ببەستێت , یەکەمیان لەشاری هەولێر لە ١٩٩٢/٥/١-٤/٢٧ و بەبەشداری ١١١ ئەندام کۆنگرە و دووەمیشیان لە شاری سلێمانی لە ٢٠٠١/٩/٢١-١٩ بە بەشداری ١٤٤ ئەندام کۆنگرە.

بەداخێکی گەورەتریشەوە لەساڵی ١٩٩٩دا ئەم یەکێتیەش وەکو پەرلەمان و حکومەت و هەموو رێکخراو و کۆمەڵە و یەکێتیەکانی تر دابەشبوو سەر دوو رێکخراوی ئەندازیاری لە دەڤەری سلێمانی و هەولێر و بەجیا کاریان دەکرد, بەڵام لەگەڵ ئەو دووکەرت بون و لەیەک جیابونەوەیەش لەماوەی ١٣ ساڵی تەمەنیاندا گەلێک کار و چالاکی رێکخراوەییان پێکەوە و بە هاوبەشی ئەنجامداوە لە بەرژەوەندی ئەندازیاران و دەسکەوتی گەورەشیان بۆ ئەندازیاران لێکەوتۆتەوە.لە ئێستاشدا دوای ٢٢ ساڵ تەمەن و ١٣ ساڵ لێکدوور کەوتنەوە هەردوولا ((یەکێتی و سەندیکای)) ئەندازیارانی کوردستان گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت هەردوولا یەکبگرنەوە و هەموو ئەندازیاران لە ژێر یەک چەتری ئەندازیاری یەکگرتوی بەهێزدا کۆببنەوە.

ئەندازیاران / لە ئێستادا ژمارەی ئەندازیارانی کوردستان لە چوارچێوەی یەکێتی ئەندازیاراندا چەندە؟

وەڵام/

لە ئێستادا ژمارەی ئەندامانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان کی تۆمارکراون بریتین لە ١٣٣٨٩ ئەندازیار.

ئەندازیاران / چەند لق و نوێنەرایەتیتان هەیە ؟

وەڵام /

١. لقی سلێمانی کە ئەم نوێنەرایەتیانەی لای خوارەوەی لە سنوردان:
- نوێنەرایەتی ڕاپەرین
- نوێنەرایەتی پشدەر
- نوێنەرایەتی دەربەندیخان
- نوێنەرایەتی هەڵەبجەی شەهید

٢. لقی کەرکوک کە ئەم نوێنەرایەتیانەی لای خوارەوەی لە سنوردان:
- نوێنەرایەتی کەلار
- نوێنەرایەتی چەمچەماڵ
- نوێنەرایەتی دووزخورماتوو

٣. لقی هەولێر کە ئەم نوێنەرایەتیەی لای خوارەوەی لە سنوردان:
- نوێنەرایەتی کۆیە

٤. لقی خانەقین

ئەندازیاران / لە ئێستادا و دوای دوو کەرتبوونی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٩ وە ئەو ئیشوکارو چالاکیانە چین کە ئەنجامتان داون؟

وەڵام /

١. دابینکردنی زەوی بۆ یانەی ڕۆشنبیری سلێمانی.
٢. دابینکردن و دروستکردنی بینا بۆ نوێنەرایەتی کەلار.
٣. دابینکردنی زەوی بۆ نوێنەرایەتی دەربەندیخان.
٤. دابینکردن و دروستکردنی بینا بۆ لقی خانەقین.

ئەندازیاران / چیتان کردوە بۆ ئەندازیاران وەک دەسکەوتی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان؟؟

وەڵام /

کارو چالاکیەکانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

لەماوەی ئەم ٢٢ ساڵەی تەمەنی خۆیدا, یەکێتی ئەندایارانی کوردستان گەلێک کار و چالاکی ئەنجامداوە کە بەکورتی بریتین لە :

١. وەرگرتنی نزیکەی ١٠٠٠ پارچە زەوی بۆ ئەندازیاران لەسەرجەم شاروشارۆچکەکاندا بەبێ جیاوازی.
٢. دابینکردنی پارچە زەوی بۆ بارەگای لق و نوێنەرایەتیەکان بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بکرێنە بینا بۆیان.
٣. بیناکردنی بارەگای لقی خانەقین و نوێنەرایەتی کەلار.
٤. نۆژەنکردنەوەی بینای بارەگای سەرەکی یەکێتی ئەندازیاران لە شاری سلێمانی.
٥. بەکرێگرتنی بارەگا بۆ لقی هەولێر و نوێنەرایەتیەکانی ڕانیە و قەڵادزێ و کۆیە و هەڵەبجەی شەهید و دەربەندیخان و چەمچەماڵ و...هتد.
٦. وەرگرتنی پارچە زەویەک بە ڕووبەری ٥٠٠٠ مەتر چوارگۆشە لەشاری سلێمانی بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بکرێتە یانەیەکی کۆمەڵایەتی مۆدێرن بۆ ئەندازیاران.
٧. دابینکردنی سەرچاوەی داهات و خۆبژێوی بۆ ڕاپەراندنی ئیشوکاری لق و نوێنەرایەتیەکان.و بەشێوەیەک هیچ یارمەتیەک لە حکومەت وەرناگیرێت.
٨. وەرگرتنی دەرماڵەی جۆراوجۆر بۆ ئەندازیارانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. و حسابکردنی ڕاژەی کۆمپانیاو کەرتی تایبەت بۆ سەر خزمەتی وەزیفیان.
٩. پاراستن و ڕێکخستنی ئیشوکار و پەیوەندی نێوان کۆمپانیا ئەهلیەکان و ئەندازیاران و بەدەنگەوەچوونی کێشەو گرفتەکانیان و چارەسەرکردنیان.
١٠. پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ دامودەزگا ئەندازیاریەکانی حکومەت لە شارەوانی و ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و پیشەسازی و سەرۆکایەتی زانکۆکان و کۆلێژە ئەندازیاریەکان.
١١. دەرکردنی یاسای ((نضام مكاتب الهندسية)) لەلایەن

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە و لە ئێستادا کاری پێدەکرێت و لە سلێمانی((٧٨)) نوسینگەی ئەندازیاری و راوێژکاری و لەهەولێریش ((١١٢)) نوسینگە هەیە.و مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە.

١٢. لە ئێستادا کاردەکەین بۆ دەرچوونی یاسای((صندوق تقاعد المهندسین)) بۆ ئەندازیارانی کەرتی تایبەت.

١٣. کردنەوەی خولی پێگەیاندن و راهێنان بۆئەندازیاران و سازدانی کۆڕ و سمیناری زانستی و ئەندازەیی بۆ ئەندازیاران لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزاوە لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا.

١٤. ماوەی ١٠ ساڵی ڕێکە گۆڤارێکی ئەندازیاری بەناوی گۆڤاری ((ئەندازیاران)) وە دەردەچێت کە تاکە گۆڤاری ئەندازیاریە تاکو ئێستا.

١٥. دروستکردنی پێگەیەکی ڕەسمی بۆ یەکێتی ئەندازیاران لە سەر تۆڕی ئنتەرنێت بەناونیشانی www.keu92.org.

١٦. وەرگرتنی ئەندازیارانی باشووری عێراق بە ئەندام و هاوکاری و کارئاسانی بۆکردنیان بۆ ئیشکردن لە دامودوزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەتدا بەبێ جیاوازی.

ئەندازیاران / هەوڵەکانتان بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ سەندیکای ئەندازیاراندا گەیشتۆتە کوێ ؟ و کەی کۆنگرەی یەکگرتنەوە دەبەستن؟

وەڵام/ هەوڵەکان بۆ یەکگرتنەوەی هەردوولا بەردەوامە و تائێستا کاری لێژنە هاوبەشەکانی ئامار و سەرژمێری ئەندازیاران و کاری لێژنەی نوسینی ڕەشنوسی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ تەواوکراون و کۆبونەوەکان بەردەوامن بۆ تەواوکردنی ئامادەباشییەکان و پێدەچێت لەم ساڵدا ٢٠١٤ کۆنگرە ببەسرێت.

ئەندازیاران / بەرنامە و پلانی داهاتووتان چیە بۆ خزمەتی ئەندازیاران؟

وەڵام/ لەدوای کۆنگرەی یەکگرتنەوە و هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری نوێ بۆ ئەندازیاران ، پلانی هاوبەش و پێکەوە دادەنرێت بۆ خزمەتی سەرجەم ئەندازیارانی کوردستان لە زاخۆوە تاکو خانەقین.

ئەندازیاران / بەمەبەستی دابینکردنی شوقە یان زەوی چ هەوڵێکتان داوە بۆ ئەو ئەندازیارانەی کە تاکو ئێستا سوودمەند نەبوون ؟

وەڵام/ پێشنیازێک هەبوو کە شارێکی ئەندازیاری دروست بکرێت لە شوقە و ڤێلا ، بۆ ئەو مەبەستەش ناوی زیاد لە هەزار ئەندازیار تۆمارکراون کە سوودمەندنەبوون و ئەو پێشنیازەش پێدەچێت لە کۆنگرەدا بریاری کۆتایی لێبدرێت و وەکو دەسکەوتێک بۆ ئەندازیاران هەوڵی وەدیهاتنی بدرێت.

ئەندازیاران / سەرچاوەی داهاتی یەکێتی ئەندازیاران چیە و لە کوێوە دێت؟

وەڵام/ سەرچاوەی داهاتەکانی یەکێتی ئەندازیاران بریتین لە:

١. وەرگرتنی تازەکردنەوەی سالانەی ئەندازیارانی ئەندام.

٢. رسوماتی نوێکردنەوە و دامەزراندنی نوسینگە ئەندازیاریەکان.

٣. داهاتی یانەی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی لقی سلێمانی و خانەقین.

ئەندازیاران / داهاتەکانتان چۆن خەرج دەکەن ؟

وەڵام/ هەموو داهاتەکان بە پێی ڕێنمایی دیوانی چاودێری دارایی خەرج دەکرێن بۆ خەرجیەکانی کۆمیتەی بالاو لق و نوێنەرایەتیەکان لە:

١. هاوکاری مانگانە بۆ سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی بالا و دەستەی لق و نوێنەرایەتیەکان.

٢. موچەی کارمەندانی کۆمیتەی بالاو لقەکان.

٣. خەرجی ڕۆژانەی بارەگای کۆمیتەی بالا و لق و نوێنەرایەتیەکان.

ئەندازیاران / باس لە دروستکردنی بینایەکی نوێ دەکرێت بۆ یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ، ئەو مەسەلەیە گەیشتۆتە کوێ؟

وەڵام/ پارچەیەک زەوی وەرگیراوە بە ڕووبەری ٢ دۆنم و ١ ئۆلگ کە بۆتە مولکی یەکێتی ئەندازیاران و لەهەولێداین کە لەڕێگەی وەبەرهێنەرێکەوە دروستیبکەین وەک یانەیەکی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری ئەندازیاران.

ئەندازیاران / مەسەلەی دامەزراندنی صندوقی خانەنشینی ئەندازیاران بەکوێ گەیشتوە؟

وەڵام/ سەرەتا بیرۆکەی ئەو صندوقە بەهاوبەشی لەگەڵ سەندیکای ئەندازیاراندا هاتە کایە و کاری زۆرمان بۆ کرد تا ڕەشنوسی یاساکەمان بەهەردوولا تەواوکردو بەنوسراوی ژمارە ٥-تایبەت لە ٢٠١٣/٣/٣دا نارمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دوای ئەوەی کە لە ڕۆژانی ٢٠ و ٢٠١٣/٢/٢١ لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی گشتیمان بۆ

سازدا و راوبۆچونی ئەندازیارانمان لەسەر گەلاڵە کرد و دواتر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراویان ژمارە ٣٧٨٥ لە ٢٠١٣/٤/٢٥دا ڕەوانەی ئەنجومەنی شورای هەرێمیان کرد بەمەبەستی دارشتنەوەی لەرووی یاساییەوە و ئەوانیش بە نوسراویان ژمارە ٢٠١٣/١١ لە ٢٠١٣/٧/١دا گەراندویانەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە پرۆژە یاساکە تەواوە و کاری پێویستی بۆ ئەنجام بدەن و وەزارەتی دارایی و ئابوریش بە نوسراویان ژمارە ١٦٥٢٧ لە ٢٠١٣/١٠/٨دا نوسراویان کردۆتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ڕازین لەسەر پرۆژە یاساکە و بەبەردەوامی بەدواداچوونی بۆ دەکرێت تا ئەو پرۆژە یاسایەش وەک یاسای نوسینگە ئەندازیارەکان دەردەکرێت و دەبێتە دەسکەوتێک بۆ ئەندازیاران.

ئەندازیاران / ڕۆڵی ئەندازیاران و یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان چیە لە پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەتدا؟

وەڵام/ یەکێتی ئەندازیاران وەک ڕێکخراوێکی پیشەیی سەربەخۆ و پارێزەری مافەکانی ئەندازیاران و وەک کۆکەرەوەی سەرجەم ئەندازیاران هەمیشە لەهەوڵ و کارکردندایە بۆ خزمەتکردنی ئەندازیاران و جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان و وەک ڕێکخراوێکیش هاوکار و کارئاسانیکار و ڕاوێژکارێک وایە بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەر ڕاوێژ و پرسی پێبکرێت لە مەسەلە ئەندازیاریەکاندا و کاری جدیش دەکات بۆ ئەندازیارانی حکومی و کەرتی تایبەت لە سەندنی دەرمالەی ئەندازیاری و هەر پێویستیەکی ئەندازیاران هەبێت لە کەڵ بەڵێندەران و لایەنی تردا.

• دوا ووتەتان ... /

وەڵام/ هیوادارین کە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابووردوودا توانیبێتمان کارێک و خزمەتێکمان بە ئەندازیاران گەیاندبێت بە جیاوازی بیروڕاکانیانەوە و هیواداریشین لە ئایندەدا و لەدوای کۆنگرەی یەکگرتنەوە دەستەیەکی نوێ لە ئەندازیارانی گەنج بێنە پێشەوە و کاروباری ڕێکخراوەکەی خۆیان ببەن بەڕێوە و ئەوەی ئێمە نەمانتوانیوە ئەنجامی بدەین ئەوان تەواوکەریی کارەکان بن و هیوای سەرکەوتن و گەشەکردنی زیاتر بۆ یەکێتیەکەمان دەخوازین.

چاوپێکەوتن

ئەندازیاری شارستانی

تیمور عزیز محمد

بەڕێوەبەری گشتی لێژنەی بەدواداچوونی پڕۆژەکان

ئامادەکردنی

گۆڤاری ئەندازیاران

لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا بە هەبەسی زیاتر ناساندن و سود وەرگرتن لە شارەزایی ئەندازیارێکی بە ئەزمون چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەڕێز ئەندازیاری شارستانی(تیمور عزیز محمد)سازدا و لە وەڵامی پرسیارەکانماندا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بۆمان دوا ...

ئەندازیاران/ناوی سیانی؟

وەڵام/تیمور عزیز محمد

ئەندازیاران/ بەروار و شوێنی لە دایک بوون؟

وەڵام/١٠/١/١٩٦١ لە شاری دووز خورماتوو

ئەندازیاران/ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆتان لە چ ساڵ و جێگەیەک تەواو کردووە و پسپۆڕیتان لە چ بوارێکی ئەندازەییدا هەیە؟

وەڵام/ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیم لەشاری دوزخورماتوو تەواوکردووە و دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ١٩٨٥- ١٩٨٦ ، پسپۆڕی کۆلێژی ئەندازیاری – شارستانی

ئەندازیاران/ ئەو پڕۆژانە چین کە ئەنجامتان داوە یان سەرپەرشتیتان کردووە لە ژیانی وەزیفیتاندا و چ پڕۆژەیەکی خۆتانتان لەهەموان پێ سەرکەوتوترە؟

وەڵام/

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێ پڕۆژەی جۆراو جۆرم ئەنجام داون و سەرپەرشتی کردون کەبریتین لەمانەی خوارەوە :-

١- سەرپەرشتی کردن و ئەنجامدانی کاری (تبطين الأفران الحرارية لمحطات الحرارية) بەبەکارهێنانی خشتی حراری (thermal brick)لەگەڵ بەکارهێنانی مونەی حراری (thermal mortar) لەگەڵ بەکارهێنانی شلەی سلیکاتی صۆدیۆم و شلەی سلیکاتی پۆتاسیۆم لەگەڵ بەکارهێنانی هەموویێداویستیەکانی تر وەکو کاستەبڵ حراری (Thermal Castable) کە (Mix) یکی جاهزە

(ئامادەکراوە)بۆ کۆنکرێتکردنی ژێرەوەی فڕنە حراری یەکان .

ب – سەرپەرشتی کردنی کاری (حقن اسس البنايات) المتأثره بالمواد الحامضية والقاعدية للمنشأه الصناعية. لەگەڵ بەکارهێنانی (چیمەنتۆ + ئاو + بنتونایت) وەلەگەڵ هەموویێداویستیەکانی تر.

ج – ئەنجامدانی کاری تێستی کێڵگەیی بۆ چینی خۆڵ و تێکەڵە بۆفرۆکەخانەی شارستانی هەولێر.

د .ئەنجامدان وسەرپەرشتیکردنی کاری خۆڵکاری بەنداو (بەنداوی ئرثار).

ه – سەرپەرشتیکردن و جێ بە جێ کردنی ڕێگای جۆراو جۆر (قیری و کۆنکرێتی)

و – سەرپەرشتیکردنی کاری خزمەتگوزاری جۆراو جۆر (ئاو ، ئاوەڕۆ ، شۆستە ، باخچە) .

ل – کارکردن لەدارشتنی پلان و بەرنامەی پرۆژەکان بەشێوەیەکی گشتی .

ک – بەدواداچوونی پرۆژەکان بەشێوەیەکی گشتی (ئاو ، ئاوەڕۆ ڕێگاوبان ، بیناکاری ،بەنداوەکان، پرۆژەی ئاودێری، تەندروستی ، پەروەردە، پرۆژەی کارەبا).

ئەندازیاران/ چۆن بەراورد دەکەن لە نێوان ئەو پرۆژانەی پێش ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەنجامدراون و ئەوانەی لە ئێستادا ئەنجام دەدرێن لە ڕوی ئەندازەییەوە؟

وەڵام/ بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین پرۆژەکانی پێش (٢٠٠٣) لەڕووی ئەندازەییەوە باشترە لەپرۆژەکانی دوای (٢٠٠٣) لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە وەلەهەمان کاتدا ناتوانین زۆربەی پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان نادیدە بگرین لەڕووی کوالێتی وئەندازەییەوە :-

ا- نەبوونی دەزگاو دامەزراوەی تەواو سەبارەت بەدیزاین وهەڵسەنگاندنی دیزاین و ئامادەکردنی دەرخستەی تەواو بێ کەموکوڕی بۆسەرجەم پرۆژەکان بەشێوەیەکی گشتی.

ب – پۆڵێن کردنی کۆمپانیا لەئاستی پێداویستیدا نیە زۆربەی کۆمپانیاکان تایبەتمەندی پسپۆڕیان نی یە.

ج – دەرماڵەی تایبەت و خولی بەردەوام و یارمەتیدان و پاڵپشتکردنی ئەندازیاران لەئاستی پێویستدا نیە.

د – زۆری پرۆژەی جۆراو جۆر یەکێکی تر لەو هۆیانەی کەناتوانرێت پرۆژەکان لەئاستی پێویستدا جێ بەجێ بکرێت و کۆنترۆڵ بکرێن .

ه – جۆری پەیوەندیەکان و کاریگەری دەورو پشت و مەحسوبیەت خاڵێکی تر کەناتوانرێت پرۆژەکان لەئاستی پێویستدا جێ بەجێ بکرێن .

و- جۆری گرێبەستەکانی پرۆژەکانی (Turnkey) و جۆری ئامادەکردنی دەرخستەی پرۆژەکانی (Turnkey) لە دارشتنی شێوازی دانانی نرخ و برگەکان لە ئاستی پێویستدا نیە .

ل – ڕەچاونەکردنی ڕێنمای ئیداری و دارایی و یاسایی تایبەت بە (دائرة المهندس المقيم) لە پرۆژە استراتیجەکان .

ک – نەبوونی بەدواداچوونێکی بەردەوام و وردو درشت وەچارەسەرنەکردنی کێشەکان لەکات و ساتی خۆیدا لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان .

ز – بەر تەسککردنەوەی دەسەلاتەکانی ئەندازیاری سەرپەرشتیار و بەکارنەهێنانی دەسەلاتەکان بەشێوەیەکی باش.

ئەندازیاران/ ئەو خولە زانستیانە چین کە بینیوتانن و لە چ ولاتێک؟

وەڵام/ئەو خولانەی کەبینیومن بریتین لەمانەی خوارەوە :-

ا- خولی پێوانەی کارە شاراوەکان پێوانەی کاری بیناسازی لە بەغداد .

ب- خولی کۆمپیوتەر لە پەیمانگا لەسلێمانی .

ج- خوولی اداره المشاريع الهندسيه لەهەولێر .

د- خوولی دیزاینی بیناکاری لە سلێمانی .

ه- خوولی تێستی خۆڵ لەهەولێر .

ئەندازیاران/ ئایا سەردانی وڵاتانی بیانیتان کردووە یان نا ؟ ئەگەر کردوتانە لە ئەنجامی ئەو سەردان و بینینانەی کارە ئەندازەییەکاندا لەو وڵاتانەدا.. ئاستی ئەندازیارانی کورد و بیانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام/ بە لێ سەردانی ووڵاتانی بیانیمان کردووە وەکو وەفدی حکومی سەردانمان کردوە نەک وەکو ئەندازیارێک سەردانی پرۆژەکانی ووڵاتانی بیانی بکەین ، بەڵام

سەرەڕای ئەوەش بە دڵنیاییەوە ئاستی ئەندازیارانی بیانی باشترە لە ئاستی ئەندازیارانی خۆمان بە شێوەیەکی گشتی بەڵام دڵنیام لەوەش ئەندازیاری باشمان هەیە هیوادارین سەرکەوتوو بن .

ئەندازیاران/ ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانتان چیە بۆ ئەندازیارانی نەوەی نوێ..

وەڵام/ بە باشی دەزانم بۆ ئەوەی ئەندازیار سەرکەوتوو بێت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی و پیشەکەی ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکات :-

ا- پێویستە ڕاستگۆ و دڵسۆز بێت و باوەڕی تەواوی بەخۆی هەبێت لە بڕیاردان لە هەمان کاتدا چاو نەترس و شەرمن نەبێت لە بڕیاردان .

ب- پێویستە هەوڵی بەردەوام بدات بۆ ئەوەی فێری زانیاری بێت وە نابێت کۆڵ بدات بۆ ئەوەی زانیاری پراکتیکی (معرفة عملية) تەواوی هەبێت بە شێوەیەکی باش .

ج - هەموو زانیاریەکی تازە بخوێنێتەوە سەبارەت بە پسپۆڕیەکەی خۆی لە هەمان کاتدا هەموو زانیاریەکی بچوک و گەورە سەبارەت بە پسپۆڕیەکەی بزانێت وەکو دەڵێن هەموو زانیاریەک بزانە بەڵام تخصص لە یەک زانیاری وەربگرە .

د - بۆ ئەوەی ئەندازیارێکی سەرکەوتوو بیت پێویستە هەست بە لێپرسراوێتی بکەی بەرامبەر بە خواو خەڵک و ئەو زانستەی کە فێری بویت . لە هەمان کاتدا پێویستە هەستی خۆشەویستی و لێبووردەیت تیادا هەبێت .

ه- باشتر وایە ئەندازیار بتوانێت شتێک ئەنجام بدات یان بەرهەم بهێنێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات شتەکان (زانیارییەکان) لە بیرنەکات .

ل- پێویستە وا باشترە پەیوەندی بەردەوامی هەبێت لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆیەکان و دەرەکیەکان سەبارەت بە پسپۆڕیەکەی خۆی .

ک- پێویستە ئاشنایەکی باشی هەبێت بەسەرجەم ئەو گۆڤارە ئەندازەییانەی کەدەردەچێت وە تایبەت بێت بە پسپۆڕیەکەی خۆی.

و- پێویستە پەیوەندیەکی باش و تۆندوتووڵی هەبێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هاوشێوەی پسپۆریەکەی خۆین بەتایبەت ئەندازیارە کۆنەکان و ئەوانەی پلەی ماجستر و دکتۆرایان هەیە .

ز- پێویستە سەردانی ئەو پڕۆژە ستراتیجانە بکات کە لە سنورو دەوروپشتت جێ بەجێ دەکرێت بۆ ئاشنابوون لە ڕەوشی دیزاین و قۆناغەکانی کارکردن و شێوەی ئەنجام دان .

م-باشترواید ئەو زانیاریانەی کەفێری دەبیت هەمووی بنووسرێتەوە بە وێنە و نووسراو پارێزگاری لێ بکرێت بۆ پاشەڕۆژ.

*** دوا وتەتان.....**

پێم باشە ئەندازیار ڕاستگۆ بێت ، دڵنیا بێت لە بڕیاردان و دوودڵ نەبێت وباوەڕی تەواوی بە خۆی هەبێت وە پاشەگەز نەبێتەوە لە بڕیاردان وە دڵسۆزی کارەکانی بێت ، وە لووت بەرزو لەخۆبایی بوونی تیادانەبێت وە پەرە بەخۆی و پسپۆڕیەکەی بدات وە بەخشینی زانستی هەبێت بۆ دەوروبەر وە چاو چنۆک نەبێت لە پێدانی زانیاری بۆ هەموو لایەک وە مامەڵەی تەندروست بکات لە پێگەی پڕۆژە لەگەڵ هەموو توێژەکان (تەکنیکار، فۆرمەن ، وەستای کرێکار، هتد....) وە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی ڕابگرێت و بەچاوێکی یەکسان سەیری هەموو دەوروپشتی بکات بەپێی قەبارەی پیشەیی هەرتاکێک دڵنیام سەرئەنجام خۆشەویست دەبێت و سەرکەوتوو دەبێت.

لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی هەموو ئەندامانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ئەکەم وەهیوادارم بەردەوام پێشەنگ و سەرکەوتووبن لەڕابەرایەتیکردنی یەکێتیەکەمان وەهیوادارم خوولی زانستی بەردەوام دەستەبەر بکەن بۆ ئەندامەکانتان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بۆ بەرەوپێش چوونی ئاستی زانستی ئەندامەکانتان ، بەرەو کوردستانێکی ئازاد و پێش کەوتوو لەهەموو بوارەکان وە ئایندەیەکی گەش بۆ هەموو تاکەکانی کوردستان.

شێوازی پیناکارییانەی رایەڵی کۆنکرێتی پێرفۆرمەنس بەرزی دروست کراو لە ئەگریگەیتی کێش سووکی پتەوکراو بە ڕیشاڵ

(STRUCTURAL BEHAVIOR OF HIGH PERFORMANCE LIGHTWEIGHT AGGREGATE CONCRETE BEAMS REINFORCED WITH FIBERS)

ئامادەکردنی
بڕوا احمد حامد

پوختە:

کۆنکرێتی بیناکارییانەی دروست کراو لە ئەگریگەیتی کێش سووک(Lightweight Aggregate(LW)) کێشەی کێش و بەردەوام بونی بیناکان و ستەرەکچەرەکانی چارەسەرکرد. پێش کەوتنەکانی ئەم دواییەی تەکنۆلۆجیایی مادە پەیداکردنی کۆنکرێتی پیرفۆرمەنس بەرزی خێراترکرد بە بەکارهێنانی ئەگریگەیتی کێش سووک. مەبەستی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیە بەرهەمهێنانی ڕایەڵی کۆنکرێتی پێرفۆرمەنس بەرزی(High Performance(HP)) کێش سووکە کە بە ڕیشاڵ پتەوکراوە. وە لێکۆڵینەوەش لەسەر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری تر کراوە وەکو بەکارهێنانی جۆری ڕیشاڵ و گۆڕینی بەشە قەبارەکەی و ئاڵوگۆڕکردنی هەندێک لە لمی ئاسایی بەلمێکی کێشی سووک.

بەشی پڕاکتیکی بەکارهێنانی بەردە پی (Pumice) وەکو ئەگریگەیتکی کێش سوکی زبر , سوپەر پلاستی سایزەر لەگەڵ هەڵمی سیلیکا (سیلیکا فیوم) لەخۆگرتبو بۆ بەرهەمهێنانی تێکەڵەی کۆنکرێتی پێرفۆرمەنس بەرزی کێش سووک. هەروەها دوو جۆر ڕیشاڵی پۆڵایین(Steel fibers) بەکارهێنران شێوە شەپۆل و کۆتا قولاپ کە بڕەکانیان بە قەبارە (٥ ,٠ , ٧٥ ,٠, ١, ٢٥)٪بوو. تێکەڵەی هەڵبژێراو بەکارهێنرا بۆ داڕشتنی ڕایەڵەکان بەپێوانەی mm2000x150x250

وە لێکۆڵینەوەکەش سیفاتەکانی چەمینەوەی ڕایەڵە نمونەکان وەکو: بارگەی دروستکردنی یەکەم درز و توانای هەڵگرتنی دواکۆتایی و زەبر هەڵگرتن لەگەڵ نەرمی و تووندوتۆڵی.

ئەنجامی تاقیکردنەوەی چەمینەوەی ڕایەڵە نمونەکان واپیشان دەدەن کە ئەو بارگەیەی هەرەس بە ڕایەڵەکان ئەهێنێت زیاد دەکات بۆ هەردوو چەشنی ڕیشاڵەکان. وە هەروەها ئەنجامەکان وایان دەرخست کە بارگەی دروست کردنی یەکەم درزی زیاد بووە بە بەراورد لەگەڵ ڕایەڵە بنەڕەتیەکاندا (بەبێ ڕیشاڵ).

ئەنجامەکانی شێوازی شیکاریکردنی تێوریانەی ڕایەڵەکانی(High Performance) HPLWC)

Lightweight Concrete) پتەوکراو بە ڕیشاڵ وایان پیشاندا کە بەباشی گونجاون لەگەڵ دەرئەنجامە پراکتیکیەکاندا.

بەرنامەی پراکتیکی:

چیمەنتۆی ئاسایی پۆرتلاند (جۆری ١) بەکارهێنرا لەگەڵ هەڵمی سیلیکای چڕکراوە و لمی سروشتی کە هاوکۆلکەی وورديەکەی (Fineness Modulus) ٣,٠ و کێشی جۆری ٢,٦٣. ئەگریگەیتی کێش سووکی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیەدا (بەردەپی یە) , چڕییە فشەڵەکەی ٥٧١کگم/م٣ , پێوانەی دەنکەکانی لە نێوان ٧٥, ٤ تا ١٢,٥ملم و شێوەکانیان ناڕێکوپێکبوون. وە هەروەها جۆرێکیش لە سوپەر پلاستی سایزەر بەکارهێنرا. دوو جۆر ڕیشاڵی پۆڵایین بەکارهێنران شێوە شەپۆل و کوتا قولاپ کە درێژییەکانیان ٣٠ملم و تیرەکانیان ٦ ,٠ملم. وە شیشی پۆڵای گرنج گرنج بەکارهێنرا بو ڕاستە شیش و قەفیزەکان لە ڕایەڵەکاندا.

کێشی کەرەسەکان بۆ هەریەک مەتر سێجایەک کە بەکارهێنرا لە تێکەڵەکەی لە داڕشتنی ڕایەڵەکاندا (٥٧٢,٣کگم چیمەنتۆ , ٧٦٣کگم لمی سروشتی , ٤٨١,٨کگم ئەگریگەیتی زبری کێش سووک (بەردەپێ) , ٣٪ سوپەر پلاستی سایزەر , ٥٧, ٢٣ کگم هەڵمی سیلیکا (سیلیکا فیوم) و ٤ ,٢٤٧کگم – ئاو). وە لەکاتێکدا ڕیشاڵ بەکارهێنرا لەهەریەکە لە جۆرەکان سێ بەشە قەبارە (٥ ,٠ , ٧٥ ,٠ , ٢٥ ,١)٪ بەکارهێنرا.

ڕایەڵەکان برگەکانیان لاکێشە بوون , ١٥٠ملم پانی , ٢٥٠ملم بەرزی و ٢٠٠٠ملم درێژبوون. هەموو ڕایەڵەکان بە ڕاستە شیش شیشدار کرابوون (ڕاکیشان و پەستاوتن) (tension & compression). شیشی ١٠ملم چەمێنرایەوە و وەکو قەفیز بەکارهێنرا. ڕایەڵەکان بە شێوازی ڕاگیرکردنی سادە (simply –supported) دانران لەسەر ئامێری تێستکردنەکە و دو خاڵە هێزی دانراو بە هاوشێوەی بارگەکران.

دەرئەنجامەکان:

